



خەرمانان : ٢٧١٣ گۆڤاری یەکبوون ژمارە : ٤١ Ausust : 2013





لەم ژمارە یە دا :


* کاتی پشتیوانی کوردستانی سەربەخۆ هاتووە ............ جای هوڵن ............... ٢
* پێداویستی کورد بە ئاشتی نەتەوەیی / ئاشتی میللی ..................... شەهلا دەباغی ........ ٤
* پێشکەوتنی ژنان وەک ڕێبەرانێکی سیاسی ................. لە ئینگلیزییەوە : ڕێبوار مەعرووف زادە ....... ٨
* مەرگی پەیمانی [ سایکس و پیکۆ ] و شانسی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی .........ڕێبوار ڕەشید... ١٠
* مامۆستا خدر قادری ، گەنجینەیەک لە بێت و حەیران ................. شۆڕش ئەبووبەکری ....... ١٣
* لە سێدارە دانمان لە هەخامەنیشەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران [ بەشی شەشەم و کۆتایی] .. هۆمەر ١٦
* مرۆڤ چۆن دەبێتە ئەو شتەی کە هەیە ............... وەرگێران وریا ڕەحمانی ................ ٢٢
* ڕۆژژمێری مانگی خەرمانانی ٢٧١٣ی کوردی ............ ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی ............. ٢٤

# کاتی پشتیوانی کوردستانی سەربەخۆ هاتووە



جای هۆڵن

ئێستا کوردستانی سەربەخۆ لەهەموو کاتێکی دیکە گرنگترە پێویستە لەسەر ئەمریکا ئەم هەلە مێژووییە بقۆزێتەوەو پشتیوانی یەکێک لەبەهێزترین هاوپەیمانەکانی خۆی بکات لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ئەوانیش دیارترین نەتەوەی بێ ناسنامەن لەجیهاندا.

ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی هەریەکێک لەعیراق و سوریا پرسی ئەخلاقی و ستراتیژی بۆ هێنانەدی کوردستانی سەربەخۆی لەهەموو کاتێکی دیکە بەهێزتر کردووە.ئاڵوگۆڕی هەلومەرجەکانیش وای لەتورکیا کردووە کە پەسەندکردنی دەوڵەتێکی کوردستانی ئاشتی خواز زیاتر لەلای ڕۆشن بێت، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت دانا بێت و ئەم هەلە مێژووییە بقۆزێتەوەو قورسایی دیپلۆماسی خۆی بۆ پرسی کورد بەکاربهێنێ.

لەگەڵ هەنگاونانی عیراق بەرەو ئایندەی نادیار، هەرچی زیاتر خلیسکانی بەرەو هەژموونی ئێرانی، بۆیە کوردستانی سەربەخۆی تازە دامەزراو دەبێتە یەکێک لەبەهێزترین هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی ناویندا، ئەم وڵاتە نوێیە تەنها نابێتە هاوبەشێکی بەهێز لەسەر ئاستە ڕەسمیی و سیاسییەکان، وەکو ئێستای ئوردون، بەڵکو دەبێتە هاوکارێکی بەهێزیش لەسەرئاستی کۆمەڵایەتی و جەماوەری، کە هیچ جیاواز نابێت لەپەیوەندی تایبەتی نێوان ئەمریکاو ئیسرائیل. ئەو خۆشەویستییەی کە کورد بۆ ئەمریکای هەیە وەکو رزگارکەرو هاورێ، دۆستایەتییەکی زۆر پتەوو بەهێزە.

لەدوای ساڵی ٢٠١١ ئەمریکا نەیدەتوانی هێزەکانی لەعیراق بهێڵێتەوە، بێگومان ئەمەش بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا، بەڵام لەجیاتی ئەمە، بەدڵنیاییەوە کوردستانی سەربەخۆ بەخۆشییەوە بەخێرهاتنی هێزەکانی ئەمریکا دەکات، بوونی ئەم هێزانە هۆکارێک دەبن بۆ ڕێگاگرتن لەدەستدرێژی ئێران و نەهێشتنی توندوتیژییەکانی بەغدادو تالیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کە درێژکراوەی جەنگی ناوخۆی سوریان بەرەو کوردستان، هەروەکو چۆن دەتوانن ڕێگا بگرن لەهەموو هەڕەشەیەکی هەرێمایەتی چاوەڕوانکراو. لەم دواییانەدا عیراق نەیتوانی یان نەیویست ڕێگا بگرێت لەچەک و یارمەتی ئێران بۆ سوریا، کە واشنتۆنی ناچارکرد ئەم پرسیارە گرنگە بکات: عیراق کام جۆرەیە لەهاوپەیمانەکان، ئەگەر ڕەوشی ئێستا ئاماژەیەک بێت بۆ ئایندە، ئایا نابێت ئەمریکا بۆ هاوپەیمانی زیاتر متمانەو دڵنیا بگەرێت؟ ڕەنگە یەکێتی خاکی عیراقی، کە هێشتا ئەمریکا پشتیوانی بەهێزی لێدەکات، زۆر پیرۆز نەبێت!




پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان تەنها پێداویستییەکی ستراتیژی نییە، بەڵکو بەڵگەو هۆکاری ئەخلاقیش هەن کە دەبێت بێنەدی. هەر لەسەرکوتی نەتەوەیی و فەرهەنگی هەتا هێرشی چەکی کیمیایی بەشی کورد بووە لەساڵانی رابردوو، بەتایبەتی لەهەشتاکانی سەدەی بیست، کوردی عیراق دەیانناڵاند بەدەست ئەوەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە دەچەوسانەوەو دەرکراوبوون. کاتێک ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەساڵی ١٩٩١ ناوچەی دژەفڕینیان لەباکوور بەسەر عیراقدا سەپاند، کورد خێرا پەرلەمانی هەڵبژاردو ڕێگایان خۆشکرد بۆ یەکێک لەکەمترین دیموکراسییەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئیسلامییدا. لەدوای ڕووخانی سەدام و داگیرکردنی عیراق، کورد سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتی خۆیان ئاوەدانکردەوە، وەکو بەهێزترین پشتیوانەکانی ئەمریکا مانەوە.

ئەمرۆ، کوردی عیراق حکومەتی هەرێمی سەربەخۆ و سوپاو سەرکردەی مەدەنی هێزی سەربازی و دامەزراوە تازەکانی دەوڵەتیان هەیە، ئەوان توانیویانە ملیارەها لەبەرهەمهێنانی بیانی بۆ خۆیان راکێشن، وڵاتی ئەوان تەنها جێگایە کە خۆرئاواییەکان تیایدا هەست بەهیچ هەڕەشەیەک ناکەن.

هەندێک ڕەخنە دەگرن کە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ دەبێتە هۆی پشێوی لەعیراقدا. بەڵام بەبێ گاڵتە، ئایا ئێستا عیراق بەڕاست نا سەقامگیرو پشێو نییە، ئەم پشێوییە لەلایەن قاعیدەو توندڕەوەکانی شیعەو سوننەوەیە کە دەیانەوێت فیتنەی تایەفی لەنێوان شیعەو سوننە بنێنەوە. هەندێک لەڕەخنەگران باسی کەرکوکی دەوڵەمەند بەنەوت و شوێنی ناکۆکی دەکەن کە وەکو درکێک وایەو جیابوونەوەی هەولێر لەبەغدا ئاڵۆز دەکات، بەڵام، خۆ هەردوولا دەتوانن ئاشتییانە دانوستان و ڕێککەوتن لەم زەمینەیەدا بکەن.

بڕیار وابوو کە راپرسی بۆ کەرکوک بکرێت و بەپێی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری عیراقی ئەم کێشەیە هەتا کۆتایی ٢٠٠٧ چارەبکرێت، پاشان دواخرا بۆ ساڵی ٢٠٠٩ و سەرئەنجام بۆ کاتی نادیار دواخرا، پێویستی و زەمینەی سەرەکی بۆ راپرسی، بێگومان ئاسایی کردنەوە واتە گێڕانەوەی ئەوانەی لەڕابردوودا لەلایەن سەدام دەرکراون، پاشانیش سەرژمێری.

بەهۆی ترس لەداگیرکردنی شوێنەکان لەلایەن ئەوانەی دەگەڕێنەوە، ئاکامی ناچاوەڕوانکراوی سەرژمێری، دواخستنی راپرسی لەلایەن هەردوولا لەسیاسییەکانی بەغدادو هەولێر

کرایە مەبەست. پەنابردن بۆ راپرسی مەرجێکی رۆشنە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، پێویستە سەرکردەکانی کورد لەمکارە پەلە بکەن، چونکە سەربەخۆیی راستەقینە لەسەر ئەم پرسە بونیادنەرێت (ئاکامی راپرسی هەرچی بێت).ئەگەر بەغدا هاوکاری نەکرد دەبێت کورد هۆشداری بدەن، بۆ ئەم مەبەستە زانکۆی جۆرج تاون لەساڵانی رابردوو بەدوای ئەم راپرسییەی کەرکوکدا چووە، ئەگەر وادەیەکی نوێ بۆ راپرسی دانەنرێت، دەبێت هەوڵ و تواناکانی چاودێری نێودەوڵەتی بێتە ئاراوە.

بەڵام سەبارەت بەرەوشی کوردستانی سوریاو دڵنیابوون لەوەی کە دەبێتە بەشێک لەم دەوڵەتە کوردییە نوێیە، پرسەکە هێندە بەپەلە نییە یان کەمتر گرنگیدارە. لەلایەک جەنگی ناوخۆی سوریا رێگای خۆشکرد کوردەکان کۆنترۆڵی ناوچەکانی باکوور بکەن، تاڕادەیەکیش ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی سەقامگیری رێژەیی و دوور لەهێزەکانی حکومەت و نەیارانی بپارێزن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ توانای پەیدابووی ئەوان بۆ ئۆتۆنۆمبی و خۆبەرێوەبردن. یەکگرتنی ئەم ناوچەیە لەگەڵ کوردستانی عیراق کێشەی کۆمەڵەیەکی نەژادی لەسوریای دوای بەشار ئەسەد ناهێڵێ و ناکەوێتە بازنەی ئاژاوەی تۆڵەی نێوان نەتەوەو مەزهەبەکانی سوریا، بەڵام هەروەکو (جۆناسان سپایر) لەم دواییەدا وتی: کوردی سوریاو عیراق پەیوەندییەکی ئاڵۆزیان هەیە، ئەو پارتەی کە دەسەڵاتدارە بەسەر کوردستانی سوریا هێزێکی چەپی هاوپەیمانن لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان PKKی تورکیا، کوردی سوریا تورکیا تاوانبار دەکەن کە پشتیوانی لەکۆمەڵە جیهادییەکان دەکات و ئارامی و سەقامگیری ناوچەکانی کوردی سوریا دەخەنە هەڕەشەوە، لەبەرامبەریشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دۆستی تورکیاو پشتیوانیەتی.

ئەگەر کوردستانی سوریا ئامادەبێت، وەکو مەرجێک بۆ سەربەخۆیی دەبێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراقەوە وەربگیرێن، باشترین ئاکامەکان ئەوەیە کە حزبەکانی کوردی سوریا لەنوێنەرایەتی پەرلەمانی هەولێردا پەسەند بکرێن، یان کوردستانی سوریا ببێتە بەشێکی سەربەخۆ لەیەکێتییەکی فراواندا لەگەڵ کوردستانی عیراق (فیدراڵی).

لەمێژوودا، تورکیا هەمیشە نەیار بووە بەرامبەر بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان و ئەمەش بەهۆی پەیوەندیی ناسازو ئاڵۆزی لەگەڵ کوردی خۆی کە ٢٠%ی دانیشتووانی تورکیا دەبن و هاو سنووری کوردی سوریاو ئێران و عیراقن. هەر بۆ ئەم هۆکارەیە کە کۆمەڵەی سیاسەتی دەرەوەی خۆرئاوا (ئەمریکاو ئەوروپا) تەماشای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن وەکو کارێکی نەگونجاو، یان کەباسی دەکەن بەقەدەغە دەیناسێنن، تورکیا کە یەکێکە لەدەوڵەتانی ناتۆو لەم ساڵانەی دواییدا متمانەی کەم بۆتەوە، کارێکی عەقڵانەش نییە لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان هاوپەیمانی ناتۆ لەگەڵ تورکیا بخرێتە بەر مەترسی، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش هەلومەرجەکە گۆڕاوە و لەوەدەچێ تورکیا ئامادە بێت بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆی جیا لەعیراق و تەنانەت سوریاش.

یەکەم، تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسایی کردۆتەوە، هەرچەند پەیوەندییە بازرگانی و زانستییەکان لەڕابردوودا هەبوون، بەڵام رووداوێکی گرنگ لەساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ کردنەوەی زانکۆیەکی تورکیا لەهەولێر روویدا، کە لەم بۆنەیەدا ژمارەیەکی باڵادەستی حکومەتی تورکیا ئامادەبوون. ئەنقەرە ئێستا لەدانوستاندایە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی هاوبەشییەکی وزە کە پێنج یەکی پێداویستی تورکیا لەگازی سروشتی هەرێم دابین بکات، لەگەڵ راکێشانی هێڵی نەوتی نێوان هەرێم و تورکیا، بەڵام ئەگەر تورکیا وەکو جاران نەیار بێت لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان، بێگومان راستەوخۆ ئەمکارە بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی بەغداد ناکات، سەرەنجام دانوستانی راستەوخۆی تورکیاو هەرێم رەوایی دەدات بەدەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەمریکا سەبارەت بەم کارە هۆشداری داوە بەئەنقەرە سەفیری ئەمریکا لەتورکیا فرانسیس ریچاردۆنی بەم شێوەیە هەڵوێستی وڵاتەکەی دەربڕیوە، (سەرکەوتنی ئابووری هاوکاری عیراق دەکات بۆ رزگاربوونی، بەڵام ئەگەر عیراق و تورکیا سەرکەوتوو نەبن لەباشکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانیان، بێگومان هێزەکانی لێک دابڕان لەعیراقدا سەرهەڵدەدەن)، بەڵام وادیارە تورکیا رێگا لەوە ناگرێت کە هەولێر بکاتە هاوپەیمانی خۆی لەدژی بەغدا، بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر باشتر دەبێت ئەگەر هاوبەش بێت لەهەڵوێستی تورکیا.

دووەم: خەباتی رابردووی تورکیا لەدژی دانیشتووانە کوردەکانی، لەم دواییانەدا پاشەکشەی کردووە، لەمانگی ئازاری رابردوو ئەنقەرە بەرێکەوتنی ئاگربەس گەیشت لەگەڵ چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان و رابەرە زیندانییەکەی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) کە دەبێتە پێشەکی دانوستانەکانی ئاشتی. ئەم هەفتەیە چالاکوانەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پاشەکشەیان کرد بۆ بارەگاکانیان لەباکووری عیراق، بەڵام هێشتا چەند کۆسپ لەرێگادایە، وەکو دانوستان لەسەر رەوشی کۆتایی چەکداران و رازیکردنی تورکە نەژادپەرستەکان بۆ سازشکردن لەسەر کەمکردنەوەی سزای جەنگاوەرەکانی PKK ئامانجی سەرەکی پارتی کرێکارانی کوردستان هێنانەدی کوردستانی سەربەخۆی تورکیا بووە، بەڵام ئێستا کە رازیبوون بەکۆتاییهێنانی خەباتی چەکدارانە لەدژی تورکیا، ئاماژە کە ئەوان ئامادەن لەناو تورکیای یەکگرتوودا بمێننەوە. ئاکامی دانوستانەکانی ئاشتی لەنێوان تورکیاو PKK راستەوخۆ کاریگەر دەبێت لەسەر ئاوێتەبوونی کوردستانی سوریا بۆ کوردستانی عیراق.

لەکاتێکدا بەرپرسیاری ئەمریکا زۆر سەنگین دەبێت کە بەتەنها داکۆکی لەسەربەخۆیی کوردستان بکات، بەڵام خاوەنی پەیوەندییە ستراتیژییە گشتییەکان (کە هەر خودی ئەمریکایە) دەتوانێ دڵنیایی لەوە بکات کە ئەم پرسە پرسێکی ئەخلاقییەو هەست و پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ کۆبکاتەوە. پرسی فەلەستینی هۆکاری نارەزایی بوو لەئەوروپا لەسەردەمێکی درێژخایەن، ئەمەش بۆ هەموو چالاکوانانی لیبرالی و شۆڕشگێڕی هەموو دنیاش هەر راستە، هەلومەرجی کوردستانیش زۆر هاوشێوەی ئەمە بووە، هەرچەندە بەشێوەیەکی رەسمیی دان بەوەدا نەنراوە کە خاکی کوردستان داگیرکراوە لەلایەن تورکیاو ئێران و عیراق و سوریا کە ژیانیان تەنها سەرکوتی سیاسی و فەرهەنگی و ژیانی بووە لەو چوار وڵاتە. کوردو فەلەستینییەکان لایەنی دۆڕاوبوون لەرێککەوتنەکانی ساڵی ١٩٢٢ ی بەریتانیاو فەرەنسا کە چەند دەوڵەتی هاوچەرخیان داتاشی لەئیمپراتۆریای شکاوی عوسمانی. لەرەوشی کوردا، نەبوونی دەوڵەت کارو کێشەیەکی زۆردارانە بوو بەسەریاندا سەپێنرا، بەپێی کتێبی (دێفید فرومکین) بەناوی (ئاشتی لەپێناوی نەمانی هەموو ئاشتییەکاندا)، سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان کە بەشێک بوون لەبەرنامەی ساڵی ١٩٢١ ی هێزەکانی جیهان، لەخشتەی کارو رێککەوتنی ساڵی ١٩٢٢دا نەماو شاردرایەوە، بۆیە هیچ کوردستانێک نەما: جێبەجێکردنی بڕیاری ١٩٢٢ لەدژی کورد، بڕیارێکی ناڕاست و ناڕۆشن بوو.

دۆسیەی پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێ رۆشنایی بخاتە سەر ئەو رِیایەی کە جیهان سەبارەت بەم پرسە گرنگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گرتوویەبەر.

سەرچاوە
Serchawe

ناکۆکی و ریاییەکان بەمشێوەن: بۆ نموونە سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئەردۆگان چۆن رەخنە لەداگیرکاری ئیسرائیل بۆ فەلەستین دەگرێت، لەکاتێکدا خۆی لەلوتکەی دەوڵەتێکدایە کە بەشێوەی نەژادی و نەتەوەیی هەمان رەفتاری بەرامبەر کوردەکان هەیە. لەنۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٢ دەوڵەتانی ناو نەتەوە یەکگرتووەکان بەزۆرینەی دەنگ فەلەستینیان کرد بە (دەوڵەتی نا ئەندام و چاودێر) ئەم کارەش سەبارەت بەکورد دەتوانێ دانپێدانانی رەسمیی بۆ کوردستان بەدیبێنێ.

کورد هەزاران ساڵە لەناوچە شاخاوییەکان نیشتەجێن و زۆرترین نەتەوەن کە دەوڵەتیان نییە، هەلومەرجی راستینەی نەبوونی دەوڵەتی کوردی کە رووداوێکی هاوچەرخی جیهانەو پێش نزیکەی سەد ساڵ بەسەریاندا سەپێنراوە. سەربەخۆیی رێگای هەڵەی رێککەوتنی لۆزانی ساڵی ١٩٢٢ راست دەکاتەوە ئێستا هەلومەرجەکان بەشێوەیەکی گونجاو گۆڕاون، دەبێت ئەمریکا دەست پێشکەری بکات، ئەمە ساتێکی دیپلۆماسی ناوازەیە کە تەنها کارێکی بەسوودی ستراتیژی نییە، بەڵکو کارێکی راستیشەو دەبێت بکرێت.

جای هۆڵن (The American Magazine 16/5/2013)

ئەکرەمی میهرداد-لەعەرەبییەوە وەریگێڕاوە

سەرچاوە: الانصات المرکزی، العدد ٥٥٩٣ ، ص ص ٩-١١.

رێکەوتی : ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٣

# پێداویستی کورد بە ئاشتی نەتەوەیی/ ئاشتی میللی



ئەو وتارە رووی لە رۆژهەڵاتی کوردستانە

شەهلا دەباغی

لە چەند مانگی رابردوودا، دوو هەڵوێستی گشتی لە لایەن خەڵک و هێزەکانی کوردەوە، گەلێک جێگای دڵخۆشی بوون و ئەو جۆرە هەڵوێستانە دەکرێ وەک سەرەتای پرۆسەیەک کەوا ناوی "ئاشتی نەتەوەیی‌یە" ببینین. ئەو دوو هەڵوێستە ئەمانە بوون:

١- بەدوای رووداوی تەقینەوەی بۆمب لەمەهاباد خەڵک و حیزبەکان هاودەنگ هەم ئەو جۆرە کارانەیان مەحکومکرد و هەم لە خۆپێکداادان و شەری ناوخۆیی کە ئامانجی تاران بوو، دوورکەوتنەوە،

٢- مانگرتنی سەرانسەری کوردستان کە هەموو خەڵک و هێزەکان هاودەنگ و هاوهەڵوێست لەو مانگرتنەدا بەشدار بوون.

لەو دوو هەڵوێستەدا گەرچی هێزەکانی کوردی رۆژهەڵات لە "بەرە"یەکدا نین بەڵام بە کردووەوە دیتمان کە دەکرێ هەنگاوەکانی بەرەو "ئاشتی نەتەوەیی" رۆیشتن هەڵگرین.

هەنووکە سپای پاسداران و هێزەکانی نیزامی و ئەمنی دەوڵەت بە شێوەی جۆراوجۆر و فراون دیسان دەستیان بە شێواندنی کوردستان کردۆتەوە تا ئەو رێگایە کە کوردستان بۆ خەباتی خۆی گرتوویەتی بەر، بەبێهودە لەقەڵەمبدەن. رژێم دەخوازێ کە کورد بە دەستی کورد بکوژرێت و وا نیشانبدا کە ئەوە هێزەکانی کوردین کە بۆمبدادەنێن. بۆ تاران فەرقناکا، لە هەر لایەک کە بکوژرێ هەر کوردە کە لەناودەچێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بۆ بەرپرچدانەوەی تاکتیک و ئامانجەکانی دەسەڵاتی فاشیستی ئێران، کام رێگا و شێوە، بۆ چارەسەری کێشەی ناوخۆیی، بگرینە بەر؟

رەنگە بکرێ بە راشکاوی بڵێین کە باشترین و ئاگایانەترین بەرپرچدانەوەیەک کە لە ماوەی رابردوودا لە لایەن خەڵک و حیزبەکانەوە دژی دەسەڵاتی تاران کرابێ، هەڵوێستی خەڵکی مەهاباد و عەشیرەتی مەنگوور بوو. لە رووداوێکی بۆمبتەقینەوەدا بەداخەوە ١٢ ژن و کچی کورد لە عەشیرەتی مەنگوور بە بێگوناە کوژران. دوای ئەو رووداوە، هەموو خەڵکی شاری مەهاباد بە مەنگوورِ و غەیری مەنگوورەوە زۆر بە هوشیاری و دڵسۆزیەوە پێشی کارەساتیتریان گرت و پیلانی رژێمیان پووچەڵکردەوە. عەشیرەتی مەنگوور نەکەوتە داوی رژێم و خەڵکی مەهابادیش سەرەخۆشی گشتیان راگەیاند و لە مزگەوتی گەورەی مەهاباد، مزگەوتی سوور، پرسە داندرا. هەروەها هەموو حیزبەکان ئەو رووداوەیان مەحکوم کرد.

ئەو هەڵوێستە بە تەواوی دەچێتە خانی "ئاشتی نەتەوەیی/ ئاشتی میللی" و بە بڕوای من تاکە رێگایە کە کورد لە شەرِی ناوخۆی دوور دەخاتەوە و هەموو خەڵک، ناو و دورەوە، لێکنزیکدەکاتەوە.

دووبارە ئاشت بوونەوە(ئاشتبوونەوە) Reconciliation RE+ Conciliation

ئەو وشەیە لە ترادیسیۆنێکی مەسیحی و کلیساییدا بە ئەو کارەی مەسیح (عیسا) نیسبەت دەدرێ کە بە مەرگی خۆی و بە هەڵبژاردنێکی ئازادانە، توانی بە سەر سێ خەراپەدا،

شەیتان، مەرگ و گوناە، زاڵ بێ. دواتر ئەم هەڵوێستە لەناو ئایینی مەسیحیدا زیاتر وادەبیندرا کە کاتێک ئینسان گوناە دەکا خواوەند دەیهەوێ سزای بدا بەڵام هاوکات خوا ئینسانەکانی خۆش دەوێ و لە نێوان رق و ئەوین دا دەمێنێ. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و کردنەوەی ئەو گرێیە، خوا دەبێتە ئینسان لە جەستەی مەسیحدا. خواوەند گوناهی ئینسان دەگرێتە ئەستۆ و سزاکەشی قەبووڵ دەکا. مەسیح لە خاچدەدرێ بەڵام دووبارە زیندوو دەبێتەوە. واتە خوا هەڵگری رقێکە کە دەبێ دواتر لەگەڵی ئاشتبێتەوە. لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا هێندێکیتر پێیانوابوو کە مەسیح گوناهی ئینسانی وەئەستۆگرت و بە مەرگی خۆی نێشانی دا کە ئینسان گوێڕایەڵی خوایە.

دوای ١٨٠٠ کێشەکە بەم شێوەیە دەدیترا: خوا بۆ ئەوە نەبوو بە ئینسان تا سزاکە قەبووڵ بکا بەڵکو ئەو کارە بۆ ئەوە بوو کە ئەوینی خۆی بە ئینسان نیشان بدا، ئەویش لە ڕێگای ئەوە کە بکرێ خواوەند بریندار بکەی و تا ڕادەی ئینسان بێتەخوار و ئەو هەڵسووکەوتە کە ئینسان لە گەڵ خوای کرد قەبووڵی بکا. ئەو شتە کە ئینسان لە خوا دووردەکاتەوە ئەوە نییە کە خوا توڕەبووە و دەیهەوێ ئینسان سزابدا بەڵکو ئەوەیە کە ئینسان نایهەوێ خۆی بگۆڕێ.(١)

ئەگەر ئەو چەمکە لە ڕوانگەیەکی دورووناسییەوە شیبکەینەوە، بەڕای ئارماندۆ لوسیانوو، سیکۆتێراپیڤتی دانیشتووی سوید کەخۆی بەو پرۆسەیەدا تێپەڕیوە، دووبارەئاشتبوونەوە بەو مانایەیە:

"ئینسان دووبارە پێوەندی بەشتێک دەکاتەوە کە لەگەڵی بەدونیادێ بەڵام لە ژیاندا لێونبووە و دووبارە لە خۆیدا درووستیاندەکاتەوە. ئاشتی و ئازادی لەگەڵ ئینسان لەدایکدەبن. ئینسان دەبێ لەگەڵ خۆی ئاشتبێتەوە و خۆی خۆش بوێ تا بتوانێ ئینسانەکانیتریشی خۆش بوێ. ڕەوەندەکە/ پرۆسەکە زۆر دەدردناکە و پێویستی بە کات، باوەڕ و ویست/ خواست هەیە. فەرامۆشکردن هیچ پێوەندییەکی بە دووبارەئاشتبوونەوە نییە. لە دووبارەئاشتبوونەوەدا، ئێمە ڕووداوەکانمان وەبیرە و ئارام ئارام بیرەوەریەکان بە ڕوانگەیەکیترەوە دەبینین. بۆ دووبارەئاشتبوونەوە دەبێ هەوەڵ ئەوە ببینین کە کەسێک یان شتێک ئێمەی ئازارداوە، دواتر قەبووڵ بکەین کە ئەو شتە ڕوویداوە، ئینجا پێوەندی بەژان، خەم و رق کە لەناو دەروونماندایە بگرین و باسی بکەین و خەمەکەشرۆڤەبکەین و لە ئاخردا، وردە وەردە پرۆسەی دووبارەئاشتبوونەوە دەستپێبکرێت.

دووبارە ئاشت بوونەوە پێویستی بە بڕیارە، بڕیاری ئەوە کە ئینسان ئەو جۆرەی کە هەیە قەبووڵبکەی، واتە ئینسان هەم باشە و هەم خەراپ. دەبێ هەمووی قەبووڵ بکەی، هەموو ڕاستی و هەمووی هەقیقەت. ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئەو کەسە کە تۆی ئازارداوە لە قۆناخێکی پێش ئاخرین قۆناخ سەردەگرێ. ئاخر قۆناخ ئەو کاتەیە کە ئینسان دەبێ فێربێ لەگەڵ ڕاستیەکە بژیت بەڵام بەبێ رق و قین.

ڕەنگە زۆر کەس بە هەڵە لە"دووبارەئاشتبوونەوە" بگەن کە گۆیا بەو مانایەیە کە بە زۆر لەگەڵ ئەو کەسە کە ئازاری پێگەیاندووین بژین. دووبارەئاشتبوونەوە لەڕاستیدا پرۆسەیەکی دەروونییە کە ئیتر رق و قین فەرمانڕەوانادا. دووبارەئاشتبوونەوە بەو مانایەیە کە لە ڕووداو و ئۆبجێکت مەودا/ فاسیلە بگری." (٢)

## ئاشتی میللی چییە؟

### ئەزموونی ئافریقایباشوور

"..... نێلسۆن ماندێلا کاتێک دوای ٢٧ ساڵ زیندانی بوون لە ساڵی ١٩٩٠ لە زیندانی ئاپارتایدی سپییەکان هاتەدەر، بڕیارێکی ئەخلاقی- سیاسی دا و داوای کۆبوونەوەی هەموو هێزەکانی لە دەوری ئاشتی نەتەوەیی/ ئاشتی میللی کرد و لەگەڵ بەڕێوەبەرانی سیستێمی ئاپاترتاید و ڕەگەزپەرستی پێشوو دانیشت.

هەڵوێستەکەی ماندێلا بە بێ گرفت و دژایەتی نەبوو. ڕەش و سپی لە بەرامبەر یەکدا ڕاوستابوون. ساڵی ١٩٩٤ تەنانەت بارودۆخی شەڕی ناوخۆیی بە تەواوی ئامادە بوو. سپییەکان شوێنەکانی شارومەندانیان بۆمباران دەکرد و دەترسان کە ئەو ئیمکاناتە کە لە سیستێمی ئاپارتایدا وەدەستیان هێنابوو لە دەستبدەن و یان بکوژرێن. پۆلیس و سیاسیکاران و نیزامییەکان دەیانویست دڵنیابن کە سزانادرێن. تێپەڕکردنی ئەو ڕێگایە لەڕاستیدا تەنیا بە ئاشتی، دێمۆکراسی و لێبوردنی گشتی/ ئەمنێستی دەکرا. ئایا گەیشتن بەو ئامانجە ئیمکانی بوو؟

ئایا لێبوردن بە مانای ڕاماڵین و لێهەستاندنەوەی هەموو بەرپرسایەتییەک لەو کەسانە بوو کە لە سیستێمی پێشوودا دەستیان بە خوێنی خەڵک سوور بوو و تاوانیان کردبوو؟ زۆر کەس پێوابوو کە ئەوانە نابێ ببخشرێن و لە دادگایەک دا دەبا حوکمیان درابا. لە بەرامبەردا ئەو بیرە هەبوو کە دەبێ ئەو شەڕە کۆتایی پێبێ. گرووپی سێهەم پێیانوابوو کە بە هاوکاری دەبێ گرفتەکان چارەسەر بکرێن و برینەکان سارێژ. دەوڵەتی سوید، لە ڕێگای ناوەندی ئۆلف پاڵمەوە لەو پرۆسەیەدا بەشداریکرد و ئەزموونەکانی کارەساتی وڵاتی شیلیش بەکار هێندران.

ئافریقایباشور بەرنامەی چارەسەری بە پێی ڕێگای سێهەمی دارشت. ئەو کەسانەی کە دەستی باڵایان لە تاوان دا بوو دەبا دادگایی کرێن. ئەو کەسانە کە داوای لێبوردنی گشتییان کردبوو دەبەخشران بە مەرجێک کەهەقیقەتەکانیان باس کردبا. ڕوونکردنەوەی ئەو تاوانانە کە لە دەورانی پێشوو دژ بە مافەکانی ئینسان ئەنجامدرابوون. بە شەفافی و ئاشکرا هەموو بابەتەکان دەخرانە بەر دەست بیروڕای گشتی. لێژنەیەک، لێژنەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان و ئاشتبوونەوە/ حقیقتیاب و آشتی، پێک هات. [ Truth and Reconciliation Commission, TRC ]

ئەو کۆمیتەیە بە ئاشکرا پێکهات و هەر شارومەندێک بۆی هەبوو کە خەڵک بۆ ئەندام بوون لەو لێژنەیەدا پێشنیاربکا. ماندێلا پانێلێکی لە هەموو گرووپەکان کە٤٠٠ کەس بوون پێکهێنا و دواتر لە ڕێگای دەنگدانی ئاشکرا و پرسیار ئەو گرووپە ٤٠ کەسی تێداماوە. کەشیشی بەناوبانگ، دێسمۆند توتوو، یەک لە بەشدارانی ئەو لێژنەیە بوو. کاری لێژنەی دۆزینەوەی ڕاستی و ئاشتی، بەڕیوەبردن و ڕێکخستنی دادگا و گەیشتن بە هەقیقەت بوو. هەقیقەتی ئەو تاوانانە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٩٥ ڕوویاندابوو. تەنیا باج بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، لێبواردنی گشتی و ئەمنێستی بوو. کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستیەکان دەبا یارمەتی ڕووحی هەموو لایەنەکان بکا و

قوربانییەکان خەسارەتیان درابایە. مەرجەکان دژوار نەبوون، یارمەتی بۆ بەردی سەر گۆڕی قوربانی‌یەک، یان ناونانی قوتابخانەیەک بە ناوی ئەو شاگردە کە لەناویان بردبوو. بەڵام ئەرکی کۆمیتەکە زیاتر لە هەر شتێک تیراپی بوو کە ئافریقا لە خوێن را بگەیێنێتە ئاشتی و ببێتەئافریقایەکی نوێ. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پرۆسەی ئاشتی لە مۆگابیشۆ، لە ڕێگای داب و نەریتی عەشیرەییەوە بەڕێوەدەچوو.

گەیشتن بە ئاشتی پێویستی بە تێگەیشتنە و ئینسانەکان دەبێ بزانن کە چ شتێک دەبەخشن و دەبێ هەقیقەتەکان بناسن و بزانن. هەموو لێ‌پرسینەوەکان/ بازجویی ئاشکرابوون و ماس‌مێدیاش زانیاریەکانی شەفاف بڵاودەکردەوە.

زۆربەی بنەماڵەی قوربانی‌یەکان باسی ئەوەیان کردووە کە گەیشتن بەو زانیاری‌یانە بۆ ئەوان بە مانای ڕەهابوون بوو. ئەوە کە بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکرا کە مافی ئەوان پێشێلکراوە لەخۆیدا دانهێنان بە هەقی ئەوان لە لایەن نەتەوە بوو، وەک ئەوە کە نەتەوە داوی لێبووردنیان لێبکا.

ئەو پرۆسەیە بەو مانایە بوو کە هەموو نەتەوە پێکەوە لە خەمێکدا بەشداربوون و دەکرا بەئاشکرابگری و کەسانێک "اعتراف" بە گوناە بکەن و ڕازەکانی پشت پەردە نیشان بدرێ. پرسیارێک کە بەردەوام لە دادگاکاندا دوپات دەبووە ئەوەبوو کە:

**تۆ چۆن ئینسانێکی؟ [ ?What kind of a human being are you ]**

زۆربەی جار وڵام دەدراوەکە "ئەو پرسیارەم گەلێک جار لە خۆم کردووە".

دووبارەسازی ڕووداوەکان بەشیک لەو کارانە بوو کە دەکران واتە (شانۆیەک کە ڕووداوەکان نیشان بداتەوە) بۆ وێنە چۆن ئەشکەنجەیان کردووە. ئەمەش بۆ تائیدی ئەوە بوو کە تاوانەکە ڕوویداوە و ئیتر هەرگیز ڕووناداتەوە. بەڵام گرفتێک ئەمەیە کە هەموو کەس ڕاستی و ڕووداوەکان باس‌ناکا و داوی بەخشین دەکا. زۆر کەس پۆست و مەقامی باڵای هەیە و خۆی نەجات دەدا. بۆ وێنە ماگنوس مالان وەزیری بەرگری کە دەستی لە زۆر تاواندا بووە، ڕاستییەکانی نەدرکاند.

چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئەوها هەستیار بەشێوەی ڕێگای سێهەم سەختە. ئەو شێوەبەخشینە، پێویستی بە هێزێکی زۆر زیاترە لە تاقەتی ئینسان و لەو تێروانینەدا شوێنێک بۆ تۆڵەهەستاندن نییە. ڕێگای سێهەم زۆر پرسیار دەخوڵقێنێ: ئایا داد بەو شێوەیە وەدەست دێ؟ ئایا ئەو ڕێگایە تەنیا ڕەواڵەتی نییە؟ ئایا تەنیا بەخشین کافییە؟ ئایا سپی‌یەکان و تاوانباران نابێ سزابدرێن؟ ئایا ئینسان دەتوانێ بڵێ کە تەنیا خواوەند دەتوانێ تاوان ببخشێ؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن کە تەنیا کات و داهاتووی ئافریقا دەتوانێ وڵامیان بداتەوە.

ئەو پرۆسەیە بە "باوەڕ" و "ڕێبەر" دەکرێ. ڕۆڵی ماندێلا ناکرێ لەبیر بچێ. ئایا بە بێ ماندێلا ئەو کارە تا ئێرە بەئەنجام دەگەیشت؟ ماندێلا هەمیشە هەنگاوی یەکەمی هاویشتووە و وێنەیەکی باشە بۆ هاوکاری نێوان گرووپەکان و تێکەڵاوکردنی ترادیسیۆنی وڵاتەکەی و جیهانی مۆدێرن.

ڕەنگە خاڵێکی بەهێز، بۆچوونی ئافریقاییەکان لەچەمکی ئینسان و ژیان بێ. چەمکی "ئوبونتو" کە کەشیش توتوو ئەوها باسی لێدەکا: "ئینسان لەڕێگا ئینسان و بەهۆی ئینسانەوە دەبێتە ئینسان."(٣)

**و کورد Reconciliation**

**ئاشتی لەنێوان کێ و کێ؟**

کاتێک باس لە ئاشتی نێوان ئەندامانی نەتەوە دەکەین مەبەست تەواوی ئەو خەڵک و گرووپانەیە کە لە پرۆسەکەدا بەشداربوون، یەکتریان ئازارداوە و تووشی شەڕی کوردکوژی بوون. دەکرێ بڵێین کە هەموو گرووپەکان، کەم یان زۆر، دەستیان لە هەڵەکاندا بووە. هێندێک لەو هەڵانە دەکرا ڕوونەدەن و پێشیان بگیرێت. پرۆسەی ئاشتی هەم ئەوانی ناو وڵات و هەم دەرەوەی وڵات دەبێ لەخۆبگرێ. هەر کەس و گرووپێک دەبێ بەرپرسی بەشی ڕەفتارەکانی ئەخلاقی و سیاسی خۆێ بێ و لە پرۆسەی ئاشتیدا بەرپرسایەتی وەربگرێ و هەوڵ بدا کە پرۆسەکە بە ژانێکی کەمتر تێ‌پەڕێ. هەموو دەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان و هەقیقەتەکان قۆڵ هەڵماڵن. هەموو دەبێ ڕاستگۆیانە بۆ داهاتوویەکی ئارام بۆ خەڵک بەڕابرووددا بچنەوەو بۆ داهاتوو کاربکەن.

ئێمە شاهیدی شەڕی نێوان پەیرەوانی کونگرەی چوار و دێمۆکرات، شەڕی نێوان دێمۆکڕات و عەشیرەتی مەنگوور، شەڕی نێوان کۆمەڵە و دێمۆکرات، شەڕی نێوان کۆمەڵەکان، شەڕی نێوان دێمۆکراتەکان، شەڕی نێوان گرووپەکانی‌تر و..... بووین و تا ئێستاش ئاسەواری ئەو شەڕانە قوڵ و کێماوین. تا ئێستاش بە دوای هەر لێکدابڕانێکی ناو هێزەکان، ئەندامان دەستدەکەنە بێڕێزی کردن بە یەکتر و جنێوی سووک فڕێدان. تا ئێستاش تاران دەتوانێ کورد دابەش‌بکا. تا ئێستاش گەرچی کوردێکی زۆری ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵاتە بەڵام بەهۆی دابەش‌بوون، شەڕێوی و شەرچەقە، نەمانتوانیوە لۆبێکی کوردی پێک‌بێنین بۆ ئەوە کە چالاکانەو یەکدەست بتوانین لە جهیاندا بۆ کێشەی کورد و بۆ نەجاتی زیندانیانی سیاسی خۆمان کاربکەین.

**چۆن بەرەو ئاشتی برۆین؟**

ئایا کورد بۆ سارێژکردنی برینەکانی دەبێ دەست بکا بەتۆڵەسەندنەوە بەپێ ئەو نەریتە "چاو لە بەرامبەر چاو، ددان لەبەرامبەر ددان"؟ یان نا دەکرێ بیر لە "ئاشتی

نەتەوەیی/ میللی" بکرێتەوە و کورد بە پرۆسەیەکدا تێپەڕێ کە ئەگەرچی پڕژان و نامۆیە بەڵام دەتوانێ لە "کورد بەدەستی کورد کوشتن" نەجاتمان بدا و هێزەکانمان بۆ ئامانجێکی جوانتر وەگەڕبخا. بۆ وێنە دەتوانین کە بیر لە ئەزموونی ئافریقای باشوور یان شێوەی باشتریش بکەینەوە. لە بەرامبەر ئەوەدا ئێمە شاهیدی ئەزموونی ڕواندا، بۆسنی و هتد...ین کە تا ئێستاش خەڵک خەریکی تۆڵەهەستاندن و یەکترکوشتنن. کورد دەبێ کام ڕێگا هەڵبژێرێ؟

هەڵوێستگرتن لە بەرامبەر پرسیارێکی وەها ئەستەم دا، پێویستی بە نەترسێکی ئەخلاقی و سیاسی و خۆشەیستی ئینسان وەک بنەمایەکی فکری هەیە. ئەو هەڵوێستە دەبێ لە لایەن هەموو کەسایەتییەکان و گرووپەکانی کوردەوە مۆرکرێت. ئەو هەڵوێستە ئەخلاقی- سیاسیە دەتوانێ کورد لە دەوری یەک، وەک نەتەوە، کۆکاتەوە و دەبێ بۆ سەقامگیربوونی هەوڵی پێویست بدرێت.

شایانی باسە کە ساڵێ ڕابردوو لەلایەن سکرێتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەو باسە تا ڕادەیەک هاتە گۆڕ بەڵام بە ناتەواوی. بۆ ناتەواو؟ یەک بە هۆی ئەوەکە ئەو ئەرکە تەنیا ئەرکی یەک حیزب نییە و یەک حیزب نابێ بڕیاری ئاخر بدا و دەبێ هەموو هێزەکان پشتیبگرن. دەکرا بەڕێز هیجری داوا لە هەموو هێزەکان بکا کە پێکەوە کار بۆ ئەو گرینگە بکەن. دووهەم، لایەنیتری کێشەکە ئەوە بوو کە بە داخەوە هێزەکانیتر پشتیوانیان لە قسەکانی بەڕێز هیجری نەکرد.

کاتێک باسی ئاشتی میللی دەکرێ دەبێ هەموو خۆیان بەرپرس بزانن و کاری بۆ بکەن نە ئەوە کە هێندێک مۆریبکەن و هێندێک پەیمانبشکێنن. گەرچی لێرەشدا بەڕای من هەر کەس و لایەنێک تەنانەت بە تەنیا ئەو باسە بە ئەرکی خۆی بزانێ ئەوە هەر جێگای ڕێزە و پیرۆز.

### ئامانج

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆناخێکی ئەستەم و هەستیاردا تێپەڕدەبێ. پڕشوبڵاوی کورد غەیری زەرە هیچ قازانجێکی ناگەیاندووە و لە سی ساڵی ڕابردوودا تەنیا دوژمنانی کورد لەو بارودۆخە کەڵکیان وەرگرتووە. هێنانە گۆڕی باسی ئاشتی بۆ داماڵینی بەرپرسایەتی لە هیچ کەس و هێچ هێزێک نییە بەڵکو بۆ بەرپرسایەتی زیاترە و هەموو دەبێ بە گیانێکی پاک، دەستی هاوڕیەتی بۆ نەجاتی کورد درێژ بکەن. تا ئێستا هێز و بیر، خزم و کەس، دۆست و هاوڕێ دابەشکراووەو دابەشبوون. هەر ئینسانێکی دڵسۆزی کورد پێویستی سەقامگیرکردنی ئاشتی لە نێوان ئەندامانی نەتەوە و هێزەکاندا هەستپێدەکا بەڵام ئەوە کافی نییە و دەبێ نەترسێن و بەکردەوەهەنگاوی زیاتری بۆ هەڵێنین. "ئاشتی نەتەوەیی" و "بەرە" لێک دوور نین و کار بۆ هەر کامیان بکەین هەر قازانجە. ئاشتی نەتەوەیی بۆ ئەوەیە کە هەر ئینسانێکی کورد کە بە کوردی قسەدەکا وەک کورد ببینین.

ئێمە لە خەڵکی ئافریقا کەمتر نین و ئەگەر ئەوان کێشەی ڕەش و سپی و ڕەگەزیان بوو بە شادیەوە ئێمە ئەو کێشەیەشمان نییە. ئێمە دەتوانین بە وردبوونەوە لە بارودۆخی خۆمان، ئەزموونی باشی وڵاتانی وەک چێک، دێمۆکراسی ڕۆژئاوا و پرۆسەی ئافریقا، بە هێندێک خاڵ بگەین و دەتوانین خۆ لەو ئەزمەیە کە ماڵی کوردی دابەش و پڕشوبڵاو کردووە، ڕزگارکەین. ئێمەهەر کارێک بکەین و هەر ڕێگایەک هەڵبژێرین و هێزەکان هەر بڕیارێک بدەن، دەبێ بەهاودەنگی و بەئاشتی نێوان خۆمان بکرێت.

### ئەو باسە بۆ ئەوەهاتەئارا کە:

ڕووحی ئینساندۆستی، دێمۆکراسی و فەرهەنگی دیاڵۆگ لە نێوان کورددا بەهێزبکرێ،

ڕاکێشانی دوبارەی ئەو هێزانە کە لە ڕاستیدا هی کوردن، بۆ لای کورد،

هەموو کەس بۆی هەبێ کە بیرەکانی خۆی لەگەڵ خەڵک باس بکا بە بێ ئەوە بترسێ کە لەناویبەرن،

هێچ کەس و گرووپێک پێ لە مافی ئینسان و حەقی سیاسی یەکتر و ئەویتر نەنێ،

چیتر کورد بە دەستی کورد، بەهۆی جیاواز، نەکوژرێت،

هەموو بە تێکڕایی لە بیری دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەریدا بین،

هێندێک هەڵە دەکرێ هەر لە ئێستاوەپێشیان بگیردرێت و بۆ دووپاتنەبوونەوەی ئەزموونە تاڵەکانی پێشوو لە ئێستاوە ڕێگای پێشگیری بدۆزینەوە،

کۆکردنەوەی هێزەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەختەوەری ئینسانی کورد،

دەکرێ ڕووح و هەستی نەتەوەیی لەو ڕێگاوە پەرەبستێنێ،

دەکرێ ڕێگای گەیشتن بە ئامانج ئاسانتر کەینەوە،

دەکرێ باشتر لە هەلومەرج، هێز و بیر و ئیمکانات کەڵک وەرگرین،

دەکرێ بۆ ژان و خەمەکانی ڕابردوومان دەرمان بدووزینەوە،

دەکرێ...

دەکرێ... و سەدان دەکرێتر.

---

http://sv.wikipedia.org/wiki/F%C3%B6rsoningsl%C3%A4ra -1

- http://hypnos.liscano.tripod.com/artikel1.html -2

سەرچاوە
Serchawe

لەنووسینی ئارماندۆ لوسیانوو، یەک لەسیکۆتێرا پێڤتەکانی سوید.

٣- وەرگێڕاوی بەشێک لەوتاری ڕێگای ئافریقای باشوور بۆ گەیشتن بەئاشتبوونەوە، ماڵپەری کات.
Brigitta Silén ،http://www.tiden.eu/default.aspx?page=3&nyhet=315

سەرچاوە : ماڵپەرەی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠

=======================================================================

# پێشکەوتنی ژنان وەک ڕێبەرانێکی سیاسی



لە ئینگلیزییەوە: ڕێبوار مەعرووف زادە

لە یەکی نوامبەری ٢٠١٠ دیلما ڕۆسێڤ وەک سەرۆک کۆماری بەرازیل هەڵبژێردرا. ئەو، کچی کۆچبەرێکی بۆلغارییایی، پارتیزانیکی شۆڕشگێر لە دەیەی هەفتا بوو کە بۆ ماوەی سێ ساڵ زیندانی بوو و بۆ ماوەی ٢٢ ڕۆژیش بە کارەبا ئەشکەنجە کرا. هەنووکە ئەو ژنێکی ڕێبەر و یەکێک لەو چەند ژنەیە کە لەم دواییانەدا لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون، بۆ ئەوەی ڕێبەریی ئەمریکای لاتین بکەن.
نموونەی دیکە میشێل بەشیلێتە کە لە ساڵەکانی٢٠٠٤ هەتا ٢٠١٠ سەرۆک کۆماری شیلی بوو. ئەو کە بە پێنج زمان بە ڕەوانی قسەی دەکرد, دوکتور و پسپۆری منداڵان و ئیپێدێمۆلۆژیست بوو. میشێل کاتێک لە دەسەڵات کشایەوە، بە ڕێژەی ٨٤% لە پشتگیری جەماوەری بەهرەمەند بوو.
لە ئارژانتین کریستینا فێرناندێز، بێوە ژنی نێستۆر کیرچنێر، لە ساڵی ٢٠٠٦وە سەرۆک کۆمار بووە. ئەو لە سەرەتادا بە هۆی مودێلی قژ و دەست تەکاندانی بۆ خەڵک، لەگەڵ ئێڤا پرۆن بەراورد دەکرا. ئەو سێ نموونە ژنە لە ناوچەیەکی جۆغرافیایی هاوبەش نوێنەرایەتی سەرکەوتووترین و پێشکەوتوترین نەتەوەکانی باشووری ئەمریکا دەکەن کە ٦٠% جوغرافیا و هەروەها ٦٠% حەشیمەتی پارزەوینی ئەمریکا پێکدێنن. لەمدواییانەدا بەشێکیی گەورەی نیمکورەی جیهان، خاتوونێکی وەک کەسی یەکەمی خۆی هەبووە و هەیە. بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی جیهان چۆن؟ لە ئاستی نێونەتەوەییدا ٢٧ ژن لە پۆستی سەرۆکایەتی دایە.

١ . ئانگێلا مێرکێل- سەرۆکی ئالمان
٢ . ئانتۆنێلا مۆلارۆنی- سەرۆکی حکوومەتی سان مارینۆ
٣.بۆرجانا کریستۆ- سەرۆک کۆماری بوسنیوهەرزەگوڤین
٤ . کریستینا فێرناندز- سەرۆک کۆماری ئارژانتین
٥. دالیا گریباسکایت سەرۆک کۆماری لیتڤانی
٦. دیلما ڕۆسۆ سەرۆک کۆماری بەرازیل
٧ . دۆریس لووسێرد سەرۆک کۆماری کۆنفێدراسیۆنی سۆئیس
٨. ئێلێن جانسۆن سیریف سەرۆک کۆماری لیبێریا
٩ . ئیڤێتا رادیکۆڤا سەرۆک وەزیرانی سلۆڤاکیا
١٠.جەدراندرا کۆسور سەرۆک وەزیرانی کرواسی
١١ . جووهەننا سیگۆرۆداتێر سەرۆک وەزیرانی ئایسلەند
١٢ . جوولیا گیلارد سەرۆک وەزیرانی ئوستورالیا ١٣
١٣ . کاملا پێرساد سەرۆک وەزیرانی ترینیداد و توباگو
١٤ . لۆرا چێنچێلا سەرۆک کۆماری کۆستا ڕیکا

١٥ . لووئیس لێیل سەرپەرەستی گشتی ئانتیگوا و باربۆدا ١٦

١٦ . مەری کیوینیمی سەرۆک وەزیرانی فینلاند

١٧ . ماری مەکئەلیس سەرۆک وەزیرانی ئیرلەند

١٨ . میشێل باچێلێت سەرۆک کۆماری شیلی

١٩ . پائۆلۆ کۆکس سەرۆک وەزیرانی بێرمودا

٢٠ . پێرلێت لووئیزی فەرمانداری گشتی سنت لووسیا

٢١ . پۆرشێ سیمپسۆن-میللێر سەرۆک وەزیرانی جامایکا

٢٢ . پراتیبها پاتیل سەرۆک کۆماری ئیندیا ٢٣

٢٣ . دوکتور کوێنتین برایس فەرمانداری گشتی ئوستralیا

٢٤ . روزا ئۆتونبیاڤا سەرۆک کۆماری قەرقیزستان

٢٥ . سارا وێسکات- ویلیامز سەرۆک وەزیرانی سێنت مارتێن ٢٦

٢٥ . شیخ هەسینا واجێد سەرۆک کۆماری بەنگلادش

٢٧ . تارجا هالونێن سەرۆک کۆماری فینلاند.




بێگومان هەموو ئەو ژنانە بە شێوەیەکی دێموکراتیک دەنگیان پێ نەدراوە. بۆ نموونە لێرەدا سێ سەرپەرشتیاری گشتی Governor Generals لە لایەن پادشای بریتانیا وەک نوێنەری نێوان ئەو ولاتانە و بریتانیا دانراون. دیارە ئەو کەسانە هێزێکی نەک واقیعی، بەڵام سەمبۆلیکیان هەیە. بە پێچەوانە خاتوون ئۆتونبایا سەرۆکایەتی قەرقیزستانی لە ڕێگەیەکی توندوتیژانە بە دەستەوە گرتووە، هەرچەند کە ئەگەر دادپەروەرانە تەماشای بکەین، لە هەڵبژاردنێک کە لە پێش دایە پشتیوانیی لێدەکرێ.

سەرەڕای ئەو نارونییانەش ژمارەی ڕێبەرانی ژنی ئێستا بەرەو پێشڤەچوونێکی تازەیە. هیچ ژنێک هەتا ساڵی ١٩٨٠ وەک سەرۆکی نەتەوەکەی هەڵنەبژێردرا. بۆ یەکەمجار ڤیگدیس فینۆبۆگوداتێر، بەڕێوەبەری تیاتری ریکجاڤیک، وەک سەرۆک کۆماری ئایسلەند هەڵبژێردرا. ئەو بە بردنەوەی سێ هەڵبژاردنی ئەو ولاتە، بۆ ماوەی ١٦ ساڵ کورسیی خۆی ڕاگرت. هەر وەک فرانکلین رۆزڤێلت کە لە ساڵەکانی ١٩٤٠ بەملاوە دوو جار بە بێ رکابەر هەڵبژاردنی بردەوە و لە جاری سێهەمیشدا ٩٥% ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

ڤیگدیس، ژنێکی جیابووە لە مێردەکەی و دایکی کچێک، سی ساڵ لەمەوە پێش دیواری رەگەزی نێوان ژن و پیاوی شکاند.

لە ساڵی ١٩٨٠ وە ٥٦ ژن بۆ وەئەستۆ گرتنی بەرپرسیارەتی بەرزی وڵاتان دەنگیان پێ دراوە. زۆر نەتەوە وەک ئایسلەند، ئارژانتین، فینلاند، ئیندیا، فیلیپین و ... زیاتر لە ڕێبەرێکی ژنیان هەیە. ئیرلەند هەنووکە دوو جاری بە دوای یەک دایە کە بە تامەزرۆییەوە سەرۆک کۆماری ژن هەڵدەبژێرن. کاتێک ماری مەک ئالیسیان وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژارد، لە پێنج پالێوراوی کۆتایی چواریان ژن بوون و تەنیا یەک کەسیان پیاو بوو.

زۆرینەی ئەو ٢٧ ژنە ڕێبەرەی لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێکرا، لە دوو ساڵی رابردوودا سەرۆکی گەلی خۆیان بوون، بە هێنانەوەی ٥٠% دەنگەکەکان. بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن ژنانەوە بە خێراییەکی زیاتر بەرەوپێش دەڕوا. لە هەموو گۆشەیەکی جیهاندا ژنان بەرەوە پۆستی سەرۆکایەتی هەنگاو دەنێن.

ئاخۆ ئەوە جیهان دەگۆڕێ؟ ئایا ڕێبەرانی ژن هەر جمکی ڕێبەرانی پیاون لە پێگەیەکی یەکساندا، یان ئامانجەکانیان لە رووبەڕووبوونەوە لەگەل پرسی پەروەردە، تەندروستی، ئابووری، کولتوور، هێزی چەکدار، خۆشەویستی، جووتبوون و خێزان ئەوان بەرەو شێوازی چاوەڕواننەکراو پەلکێش دەکا؟ چ روو دەدا ئەگەر هێزی سیاسیی ژنان لەگەڵ هێزی سیاسیی پیاوان لە ئاستی جیهاندا یەکسان بێ؟ ئاخۆ ئەو بابەتە ژیانمان بەرەوە دۆخێکی باشتر یان خراپتر دەبا یان ئەوەی کە "پێوەری بەختەوەری" هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە؟ ئەگەر ڕێوشوێنی درێژخایەنی زاڵی پیاوسالاری بە ناڵە ناڵەوە بەرەو کۆتایی بروات، شارستانیەتی هاوبەش چۆن دەبێ؟

دیزاینی وێنە: میدیا بایزیدی پوور

سەرچاوەی بابەت

http://www.wfs.org/content/women-advance-political-leaders

سەرچاوە : ماڵپەری ناوەندی نووچە و شرۆقەی رۆژ / رێکەوتی : ٨ی ژوئەنی ٢٠١٣

# مەرگی" پەیمانی سایکس پیکۆ "و شانسی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی



رەێبوار رەشید

دوو ساڵی دیکە، پەیماننامەی "سایکس پیکۆ" ( Sykes-Picot ) کە لە ١٦ / ٥ / ١٩١٦ مۆر کراوە و هەروەها پێشی دەگوترێت "پەیماننامەی ئاسیای بچووک" the Agreement Minor Asia ، پێش ئەوەی سەد ساڵ لە تەمەن پڕ بکاتەوە، بە تەواوی بەرەوی نامێنێت. لە مێژوودا پەیماننامەی سایکس پیکۆ یەکێکە لەو رێککەوتننامانەی کە بە نهێنی مۆر کراون. ئینگلستان و فەرەنسا،بە ئاگاداریی و سەلماندنی سزاری رووس، لە سەر ئەوە رێککەوتن کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناو خۆیاندا بەش بکەن. بە ڕووانین لە نەخشەی ئەو کاتە دەبینین کە تواندنەوەی ئەو پەیماننامەیە بە وێنەی بەفری بەر خۆر، لەبەرچاوە و دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو کورداهێندەی پرس دروست نەکردووە کە کاردانەوەیەک نیشان بدات. بەڵام بە دڵنیاییەوە لە مەمەرەکانی دەسەڵاتی فارس و تورک و عەرەبدا حەتمەن پرسی دروست کردووە و بۆ وەڵامدانەوەی بە شێوەیەک پلان دادەرێژن یان پیلان دەگێرن.

بۆ ئەوەی لە پەیماننامەی سایکس پیکۆ تێ بگەین، پێویستە ئەوە بزانین کە نزیکەی هەموو کوردستان هەتا پێش شەڕی چاڵدران کە لە ٢٣ / ٨ / ١٥١٤ لە نێوان سەفەوی و عوسمانیەکان رووی داوە، لە ناو دەسەڵات و سنووری سەفەویەکاندا بووە. سوڵتان سەلیمی یەک کە لە نێوان ساڵانی ١٥١٢ تا ١٥٢٠ سوڵتانی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو و بە سوڵتانی "بە زەبر/ مشت پۆڵا" بە ناوبانگە، سوڵتانێکی شەڕانیی و پاوانخواز بوو. لە ماوەی ئەو 8 ساڵەی فەرمانڕەواییدا نزیکەی هەموو وڵاتانی عەرەبی ئەو کاتەی داگیر کرد و تەنانەت نازناوی "خادمی حەریمەینی شەریفەین" بۆ خۆی سەند. شا ئیسمایلی یەک، پاشای سەفەوییەکان، کە لە راستییدا ناوی "ئەبو موزەفەر بن حەیدەری سەفەوی" ە. لە شەڕی چاڵدراندا بەشێکی گەورە لە خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریەکەی کە کوردستان بەشێکی بووە، بە تورکەکان دەدۆڕێنێت. لەو شەڕەدا هەروەها تورکەکان دوو ژنی شا ئیسماییلیش بە دیل دەگرن و نایدەنەوە. پاشان یەکێک لەو ژنانە خۆی لە پیاوێکی سوڵتان سەلیمی یەک مارە دەکات. دەگوترێت کە شا ئیسمایل پاش ئەو ژێرکەوتنە دووچاری بەدمەستیی و خەمۆکی هاتووە و هەرگیز چاک نەبووەتەوە .

چاڵدران ناوچەیەکە تەنها 6 کیلۆمەترێک لە شارۆچکەی "سیاچەشم" دوورە کە تورکەکان ناویان ناوە "قەرە عەین/ قەرە ئەینە". وشەی قەرە بە تورکی بە مانای رەش دێت کە وەرگێڕانی وشەی "سیا" یە و "عەین" یش وشەیەکی عەرەبییە کە بە مانای چەشمە/ کانی/ سەرچاوە دێت. تورکەکان بەوە رازی نەبوون بە ناوی خۆیەوە ناوی بهێنن و پێی بڵێن "سیاچەشمە" و گۆڕیویانە بۆ زمانی خۆیان و کردوویانە بە "قەرە ئەینە". چاڵدران، یان ئەو ناوچەی شەڕەکەی تیادا ڕوویداوە، نزیک بە گوندی چاڵا عاشقی/ دۆڵی ئاشقان ە نزیک بە ماکۆ .

شەڕی نێوان سەفەویەکان و عوسمانیەکان لە سەر کوردستان و بە هۆی لایەنگریی کورد لەم یان ئەو لا، زوو زوو سەرهەڵ داوە. یەکەمین رێککەوتنی رەسمی تورک و فارسەکان لە سەر کوردستان لە راستیدا پێی دەگوترێت "رێککەوتننامەی ئاشتیی ئەماسیا The Amasya Peace Treaty کە لە ١ / ٦ / ١٥٥٥ لە شاری ئەماسییا کە دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای تورکیا، نزیک بە شاری قارس، مۆر کراوە. جوان دیارە تورکەکان ئەو رێککەوتننامەیەیان وەکوو سیمبولیکێک بۆ سەرکەوتنەکەیان بۆ مۆرکردن لەبەرئەوە بردووەتە شاری ئەماسییا کە شوێنی لە دایکبوونی سوڵتان سەلیمی یەک ە، ئەو سوڵتانەی سەری بە سەفەویەکان نەواند .

لەبەرئەوە دەتوانین پێ دابگرین کە دابەشبوونی کوردستان بۆ دووبەش و لە نێوان فارس و تورکدا بە رەسمی دەگەرێتەوە بۆ رێککەوتننامەی ئەماسیا، ١ / ٦ / ١٥٥٥ پێش ئەوە هیچ جۆرە رێککەوتنێکی دیکەی رەسمیی بۆ دابەشکردنی کوردستان نییە. ئەڵبەت ئەگەرچی کوردستان بە رەسمیی بوو بە دووبەشی جیاواز لە سنووری دوو ئیمپراتۆری دژ بە یەک، لە راستییدا بەڵگە و نموونە بۆ نیمچەسەربەخۆیی کورد و ئازادی هاتنوچوون و سنووربەزاندن زۆرن أ .تورکەکان ئەوی پاشان لە مێژوودا بە ناوی "ویلایەتی موسڵ" دەناسرێت لە سەفەویەکان دەستێنن.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا نامیلکەیەکی زۆر شاینباس سەبارەت بە "خوێندنی سنووری نێونەتەوەیی " International Boundary Study دەردەکەن. زانیاریەکان لەوێدا کۆنکرێت و فاکتن، بەلام دیارە سیاسیین و ئامانجدار.

باشترین خوێندنەوە لە سەر "رێککەوتننامەی زەهاو" پێدەچێت، ئەوەبێت کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ژمارە ٢٨ ، ٣ / ٢ / ١٩٦٤ دا بە وردەکاریی لە سەر رێککەوتننامەی زەهاو کە لە ١٧ / ٥ / ١٦٣٩ لە ژێر فشاری حکومەتی بەریتانیادا بڵاوی کردووەتەوە، بە مەبەستی سەقامگیرکردنی سنوورەکان مۆر کراوە و پاشان رێککەوتننامەی ئەرزرۆم لە ٣١ / ٥ / ١٨٤٧ ، شایانی باسە نێوان سنووری تورکیا و ئێران کە نزیکەی ٥٠٠ کم، نێوان سنووری تورکیا و سووریا کە ٨٣٠ نزیکەی ٨٢١ کم، و تورکیا و ئێراق کە نزیکەی ٣٥٢ کم، هەر هەمووی تەنها کوردستان دابەش دەکەن، و پێوەندی راستەوخۆیان بە ١- شەڕی چاڵدران و رێککەوتننامەی ئاماسیا و ٢- رێککەوتننامەی زەهاو هەیە.

لە راپۆرتی ئاماژە پێدراودا، ئەو وشانەی لە رووی سیاسیی و )یاساییەوە( دەتوانن بارگەدار بن یان بارگەدارن، هەن، وەکوو "کوردستان"، "کورد" و "کوردەکان" و هەبوونی کوردەکان بە لانی کەم پێش ٣ هەزار ساڵ لەو ناوچانە و تەنانەت ئاماژە بە پەیماننامە و رێککەوتننامەی سێڤەر کە پاشان لێی دەدوێم، دەکەن. پاش رێککەوتننامەی زەهاو، 6 جاری دیکە تورک و فارس لە مێژوو دا لە سەر نوێکردنەوە و درێژەدان بە رێککەوتننامەی زەهاو، رێککەوتوونەتەوە کە بە داخەوە لەبەرنەبوونی کات ناتوانم بە وردیی ئاماژەیان پێ بکەم.

هەمان وەزارەت لە سەر رێککەوتنی ١٥ / ٥ / ١٩٧٠ لە نێوان سووریا و ئێراق و وەبیرهێنانەوەی رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ، دەدوێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە سایکس پیکۆ

سەرچاوە
Serchawe

ئاماژەی چەند بارە بە مافی عەرەبەکان بۆ دەوڵەتی تاک یان بۆ کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەتەکانی عەرەب پێکەوە دەکرێت، عەرەبەکان ئەسڵەن ئاگاداری وەها پەیماننامەیەک و بەڵێنگەلێکی سەرزاری نەبوون. یەکەم جار حکومەتی بۆلشەڤیکەکان لە رۆژنامەی پراڤدا لە ٢٣ / ١١ / ١٩١٧ دا تەواوی دەقەکە بڵاو دەکاتەوە و دژ بە رێککەوتننامەکانی سزاری رووس ئەو پەیماننامەیە لە قاو دەدەن و هەروەها لێشی دەکشێنەوە، و پاش ئەوە بۆ یەکەم جار رۆژنامەی "مانچیستەر گاردیان" لە ٢٤ / ١١ / ١٩١٧ دا تێکستەکە بە نووسین بڵاوی دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە عەرەبەکان بۆیان دەردەکەوێت ئینگلیز لە پشت ئەو دابەشکردنەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، لە ڕاستییدا ڕاپەڕینی عەرەبەکان دژ بە دەسەڵاتی بێگانە لە١٠ / ٦ / ١٩١٦ دا بە پارە و یارمەتی لوجیستیکی ئینگلیز دەست پێ دەکەن. پسپۆڕێکی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا دەڵێت لەگەڵ ئەوەشدا کە عەرەبەکان دەیانزانی ئینگلیز لە پشت ئەو کارەوەیە، هەر لە سەر وەفاداریی خۆیان بە بەریتانیا بەردەوام بوون. شایانی باسە، لە پەیماننامەی سایکس پیکۆدا کە چەندین جار باس لە مافی عەرەب بۆ دەوڵەتداریی دەکات، یەک جاریش ناوی کورد و کوردستان ناهێنێت، ئەگەرچی دابەشکردنەکان، بە دەسەڵاتی ئینگلیز و فەڕەنساش، لانی کەم بە چوار شێوەی بەڕێوەبردن خاکی کوردستان دابەش دەکات.

پاش رێککەوتنامەی "سایکس پیکۆ"، دوو پەیماننامەی گەورە لە مێژوودا هەن کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کورد و کوردستان و هەروەها بە پەیماننامەکانی دیکەوە کە سەبارەت بە کوردستانن، هەیە. یەکەمیان "سێڤەر" ە و دووهەمیان لوزان ە. لە پەیماننامەی سێڤەردا The Treaty of Sèvres کە لە ١٠ / ٨ / ١٩٢٠ مۆرکراوە و هاوپەیمانان بە

تورکەکانیان ئیمزا کرد، ٧ جار ناوی کورد هاتووە و بەشی سێی پەیماننامەکە هەر بە ناوی "برگەی کوردستان" بە ژمارە ٦٢ هاتووە و کە هەروەها برگەی ٦٣ و ٦٤ یش دەگرێتەوە.

ئەمە دەقەکەیەتی :

بەشی سێ. برگەی ٦٢ کوردستان

"کۆمۆسیۆنێک کە لە کۆنتستانتینۆپل )ئێستا پێی دەگوترێت ئیستەنبول: رێبوار رەشید( و لە سێ ئەندام پێکهاتووە و لەلایەن هەریەک لە حکومەتەکانی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا دانراوە، دەبێت لە ماوەی ٦ مانگی برەوداربوونی ئەم پەیماننامەیەدا نەخشەیەک بۆ خۆبەڕێوەبردنی ناوچە زۆرینە کوردەکان دابنێت کە دەکەونە خۆرهەڵاتی رووباری فورات. خوارووی بەشی باشووری سنوورەکانی ئەرمێنیا کە دواتر دەستنیشان دەکرێت، و باکووری سنوورەکانی تورکیە و سووریا و میسۆپۆتامیا، بەو شێوەیەی لە برگەی ٢٧ بەشی دوو و بەشی سێ دا هاتووە. ئەگەر نەتوانرێت رێککەوتن لە سەر هەر پرسێکیان زامن بکرێت، ئەوا هەر یەکێک لە ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە دەیگەیەنێتە دەست حکومەتەکەی خۆی. نەخشەکە گەرانتی پاراستنی تەواو بە ئاسووری - کلدانیەکان و کەمایەتیە رەگەزیی و ئایینیەکانی دیکە لە تەواوی ئەو ناوچانە دەدات، و سەبارەت بەم باسە کۆمیسیۆنێک کە لە

نوێنەرانی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، فارس و کورد پێک دێت، سەردانی ئەو شوێنە و لێکۆڵینەوە بکات و بڕیار بدەن کامە ڕاستکردنەوە، ئەگەر هەبن، دەبێت لەم سەر سنوورەی تورکدا بکرێت، و لە پرۆسەرێگای ئەم پەیماننامەیەدا، سنوورەکان لەگەڵ سنووری )ئیمپراتۆری: رێبوار رەشید( پارس دا بێتەوە.

برگەی ٦٣

لێرەوە حکومەتی تورکیا رەزامەندە کە ئەم بڕیارنامانە پەسەند بکات و جێبەجێیان بکات، هەر دوو هی کۆمیسیۆنەکان کە لە برگەی ٦٢ هاتوون لە ماوەی ناو سێ مانگدا پێوەندیی خۆیان لەگەڵ حکومەتی ناوبراودا )تورکیا: رێبوار رەشید( دەگرن.

برگەی ٦٤

لە ماوەی یەک ساڵ لە برەوهەبوونی ئەم پەیماننامەیە، خەڵکی کوردستان لەو ناوچانەی لە برگەی ٦٢ دا هاتوون دەنگیان بگەیەننە "ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان " Council of the League of Nations بە شێوەیەک کە تیایدا نیشان بدرێت کە زۆرینەی دانیشتووان خوازیاری جیابوونەوەن لە تورکیا، و ئەگەر ئەنجوومەن پاشان برووادار بێت کە ئەم خەڵکە سەربەخۆییان پێ هەڵدەسورێت، و پێشنیار دەکات کە سەربەخۆییان پێ بدرێت، تورکیا لێرەوە رەزامەندە کە ئەو پێشنیارە جێبەجێ بکات، و کە دەست لە ناو و لە مافی خۆی لە سەر ئەو ناوچانە هەڵبگرێت.

وردەکارییەکانی ئەم پرۆسەرێگایە بۆ ئەم جۆرە ملدانە )ی تورکیا: رێبوار رەشید(دەبێت بە شێوەیەک لە رێککەوتننامەی جیاواز کە لە نێوان لەلایەک هێزەکانی هاوپەیمانە سەرەکیەکان و لەلایەکی دیکە تورکیادا دەبێت. لە ئەگەری روودانی ملدانێکی وادا، یان کاتێک رووی دا، ئەوا هیچ جۆرە دژایەتیەک لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانە سەرەکیەکان بەرامبەر بە پێکەوەبوونی دڵخوازانەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی کوردەکانی دانیشتووی ئەو بەشەی کوردستان نابێت کە تا ئێستا لە ناو ویلایەتی موسڵ دان".

وشەی وەکوو "دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی" an independent Kurdish State ، "ئەو بەشەی کوردستان " that part of Kurdistan وشەگەلی سیاسین کە

سەرچاوە
Serchawe

مانای تەواو سیاسیی و هەروەها یاسایشیان هەیە. بۆ نموونە کە باس لە بەشی ژێر دەسەڵاتی تورکیا کراوە و کە لەو کاتەوە ئەو دەوڵەتانە پارە و سامانی کورد دەدزن و بە تاڵان دەبەن. ئەم جۆرە وشانە لە دوکۆمێنتی دیکەدا هاتوون.

لە پەیماننامەی لوزان دا ٢٤ / ٧ / ١٩٢٣ Treaty of Lausanne ، دوو مانگ و پێنج ڕۆژ پێش ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیەت کە لە ٢٩ / ١٠ / ١٩٢٣ یەک جاریش وشەی کورد و کوردستان یان ئاماژە بە پەیماننامەی سێڤەر نەهاتووە سەرکەوتنی تورکەکان لە شەڕەکانیاندا دژ بە ئیمپراتۆرە گەورەکانی ئوروپا و لێدانی کۆمەڵکوژییان لە کورد، وای کردکە بتوانن لە سەر کارتی سڕینەوەی ناوی کورد و کوردستان، سەرکەوتوو بن. بڕگەی 3 لەم ڕێککەوتننامەیە بە پێچەوانەی سێڤەر، ڕێگا بە تورک و ئینگلیز دەدات کە لە ماوەی ٩ مانگدا لە سەر ئەو سنوورانە ڕێک بکەون. بە ئیمزاکردنی ئەو پەیماننامەیە و پەیدابوونی دۆخێکی سەقامگیر لە ئوروپا کە بۆلشەڤیکەکان حکومەتی سۆڤیەتیان چەسپاند، ئەوی پێی دەگوترێت نەتەوە دەوڵەت، لە فۆرمی ئێراق/ ئێران/ تورکیا/ و پاشان سووریا/ داسەپێنرا.

پاش لوزان، خراپترین ڕێککەوتننامەی نێوان تورکیا و ئێراق ئیمزاکردنی "ڕێککەوتننامەی ئەنگۆرا" یە لە ٥ / ٦ / ١٩٢٢ واتە پاش جێگیرکردنی لوزان و سەقامگیرکردنی دەوڵەتی تورکیا بە نزیکەی ٣ ساڵ. ئەو دەم هێشتا تورکەکان فریا نەکەوتبوون ناوی شاری ئانگۆرا بگۆڕن بۆ ئانکارا. لەوێدا تورکیا و ئێراق ڕێک دەکەون کە هەریەکەیان بۆیان هەیە بە مەبەستی سەپاندنی ئاسایش تا قووڵایی ٧٥ کم بچنە ناو خاکی یەکترەوە و هەروەها بۆ مەسەلەی ڕێزگرتن لە سنووری یەکتر ئاماژە بە ڕێککەوتننامەی "خەتی بروکسل " Line Brussels دەکرێتەوە___.

لە سێڤەردا تورکەکان ناوچەیەکی زۆر بچووکیان لە ناوەڕاستی ئاناتۆلیا پێ دەدرێت. لە لوزاندا بە کۆمەڵکوشتنی کورد تورکیایەکی گەورەی بێ ئەرمەنیی و ئاسووریی و یۆنانیش، تەنها سنوورێکیان کە نادیارە ڕووە و ئێراقە کە بە ئاماژە بە ڕێککەوتننامەی "خەتی بروکسل " Line Brussels ئەو کێشەیەش لەگەڵ ئینگلیز، خۆیان گوتەنی لە کەش و هەوایەکی "دڵسۆزانە و ئاشتیانەدا" چارەسەر دەکەن.

لەو کاتەوە دەوڵەتی تورکیا بە هەموو شێوەیەک دژایەتی هەموو جۆرە سازان و پەیمانێکی ئاشتیی یان ئەگەری چارەسەری ئاشتیی بۆ کێشەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردووە. لەم چوارچێوەدایە کە تورکەکان تەنانەت لە کاتی سەردانیشیان بۆ وڵاتانی ئەفریقا و باکووری ئەفریقا، باس لە پرینسیپی پاراستن و ڕاگرتنی سنووری دەوڵەتیی و یەکایەتی خاک و زمان دەکەن. تێگەیشتن لە کتێبی ئیسمایل بەشکچی، بە ناوی "کوردستان: کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتیی" لێرەوە، لەم هاوپەیمانییەوە دەست پێ دەکات کە سرووشتیانە تورکیا و ئێراق و ئێران و پاشان سووریا پیادەی دەکەن .

دیارە پەیماننامە و ڕێککەوتننامە زۆرن کە کەم یان زۆر پێوەندیان بە کورد و کوردستانەوە هەیە، بەڵام ئەو چوار ڕێککەوتننامەیە ئەوەمان پێدەڵێن و دەسەلمێنن کە لە ڕاستییدا لە ململانێ و کێشەیەکدا، بچووک یان گەورە، لایەنێک:

١- دەتوانێت براوە بێت، و
٢- لایەنی براوە بڕیار لە سەر سەرئەنجامەکان دەدات یان چالاکانە بەشداریی تیادا دەکات،
٣- کە پەیماننامە و ڕێککەوتننامە پیرۆز نین و دەتوانن بگۆڕدرێن و دەبن بە بەشێک لە مێژوو و لە واقیع.


لە ساڵی ١٩٩١ ەوە بەشێکی شایانباس لە باشووری کوردستان و )بەشی شیعەنشینی عەرەبی باشووری ئێراق سەربەخۆیە(، لانی کەم لە مانای تێکچوونی سنووری پەیماننامەی سایکس پیکۆدا. لە دوو ساڵی ڕابردوودا شەڕی سووریا بەشێوەی دیفاکتۆ، سێ هەرێمی جودای لێکەتووەتەوە، هەرێمی کوردستان، هەرێمی عەلەوینشین، و هەرمی سوننەنشین. لە تورکیا پرۆسەی ئاشتیی سەربگرێت یان نا، بەشێکی گەورە لەوی پێی دەگوترێت "کوردستان" مۆری خاوەنداریەتی کوردی لێدراوە. ئەم مۆرە خەباتێکی ئازادیخوازیی گەورە و گران کۆنکرێت ڕایگرتووە، بەڵام بە پێی هەموو پێوەرە سیاسیەکان یەکەی گەورەی سیاسیی وەکوو ئەمەریکا، یەکیەتی ئوروپا، بەریتانیا و هتاد. دەیانەوێت بەشێک لەم پرۆسە و چارەسەرە بن. دیارە لە نزیکەی سەد ساڵی ڕابردوودا، بەشێکی کێشەکەیش بوون. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەندێک ناوچەی لێدەربچێت کە تورک هاتوون و لێی نیشتەجێبوون، نزیکەی کوردستان، بە هەموو بە فارسکردن و بە ئێرانیکردنێکیشیەوە )دیارە بە ئێرانیکردنەکە مەترسیدارترە!( هەرێمێکی تا رادەیەک دیارە.

کەواتە دەتوانین پێدابگرین کە پەیماننامەی سایکس پیکۆ لە پراکتیکدا نەماوە. دوو نەتەوەی زۆر غەدر لێکراو بوون بە خاوەنی قازانجی گەورە لەم پوکاندنەوەیە دەبینن. یەکەمیان "نەتەوەی جوو"ە کە لە ١٤ / ٥ / ١٩٤٨ دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان؛ بەڵام هێشتا مەترسیان لە سەرە و هەموو جۆرە خێرابوونێک لە پووکاندنەوەکەدا زیاتر کەڵکدارە بۆیان، دووهەمیان کوردە کە بە داخەوە لەبەر سیاسەتی ناوەندچیەتیی و نەتەوەی سەردەستچیەتیی بە ناوی برایەتیی و خۆشکایەتیی و دەراوسێیەتی و ئیسلامگەرایی و هتاد، و بە هۆی پێڕەونەکردنی بیری ئازادیخوازیی نەتەوەیی لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، تا ئێستا وەکوو گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە دونیادا ماوەتەوە.

لەبەر ئەوە هەموو هەوڵ و کۆششێکی ئازادیخوازانی کورد دەبێت لە پراکتیکدا هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سپای نەتەوەیی، نەک میلیشیای حیزبیی، بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی هاوبەش و سازدانی بەرە کە تەنها زامنی پەرەپێدانە بە پلورالیزمی سیاسیی، و یەکترقبوڵکردن و چوونە ناو فەزای هاوکاریی و پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، بێت.

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست

# مامۆستا خدر قادری ، گەنجینەییک لە بێت و حەیران



مام خدر دەڵێت سەردەمی خۆی سەربەندێک هەبوە کە دەلێ،

دەرزیە ئەمان دەرزیە،کچی ئاغای شەغتانیە و قەت عەنتیکەی وانیە
چون مەریزم بۆ بالای تۆ،عیلاجی دەردم نیە

دوای ئەوەکە ئەو گۆرانیەی لێ بڵاو دەبێتەوە،بە خلە دەرزی ناسناو دەردەکات، دەنا خۆی دەڵێت ئەمن خدری قادری گەرماویم.
ئەوجارە مام خدر لە ناوخەڵک دەناسرێت تا ئەوڕادەیە کە هەر کاتێ شەوانە و لە کاروان کە لە گوندەکان دەمێنێتەوە، لە هەر شوێنێک لادەدەن خەڵکیکی زۆ کۆدەبنەوە و گەرەلاوژە وخۆشی و گۆڤەندە لەو گوندە و خەڵکەکە پێلاوی خۆیان ناناسنەوە، مام خدر وردەوردە زۆربەی بەیت وبەند و حیران و لاوکەکان فێر دەبێت و وەک خۆی دەڵێ،لە مەحمود گە ناوی خالە عەل باغی ، دەروێش حەمە، مەحمودی مینەی شیخەی مەزرێ، کوێخا عەلی دەرماناوێ، رۆستەم چاوشین ، سەلاح نازی قاوەچی، مام حەسەن سیسێرێ ئەو بەرهەمانە فێر دەبێت و جارجاریش داهێنانی خۆی هەبوە.

ئەو بەرهەمانەی خوێندوە:

بەیتەکان : برایمۆک، مەم وزین، خەج و سیامەند، لاس و خەزاڵ، ئاشیە گوول، قەرەوڵوڵەزەر، جەوهەرئاغا ، هەمزە ئاغا مەنگور،مەحەمەد و سێوێ، ناسر و ماڵ ماڵ
بەندەکان: ئازیز پایزە، شەو نیوە شەو ، شەم وشەمزین ئازیزە کە زۆر تایبەتە.
حیران کە بەو شێوەیە کە خۆی دەڵێ زیاتر لە کاتژمێرێک حەیران دەزانیت
هێندێ سەر بەند و ئاوازی رەسەن فولکلۆریش دەزانێ بەڵام زۆرتر حەز بە شتی مەجلسی و قوورس دەکات و زۆرخۆی گۆرانی وتن نادا.

ئەو بەستانەی وتووە:

باران بارانە،بابچینە پارکی نێوشاری،خاڵۆرێبوار،وەرگەرێ،گیان مریەم،جارباره،دەرزیەو هێندێ بابەتی عیرفانیش دەزانی کە زۆر حاڵ وهەوای تایبەتی هەیە.
ئەم جار مام خدر دەست دەکات بە تێکۆشان و کار و ژیان و لە ئالانەوە تا ناوچەی سەردەشت و بانە سەقز و مەریوان و سنە لە زیاتە لە ٢٤ کوێستان و هەر سالە لە کوێستانێک کەتیرە دەکات.زۆر جاریش ئاغاکانی ئەو سەردەمە داوای لێ دەکان کە بێتە خۆشخوانی دیوەخان پێی دەڵێن وەرەلای ئێمە .ئەسب قەد و فیشەکدان و هەمووشتێک بۆ دابین دەکەین بەڵام روحی بەرزی مام خدر هیچ کات ئەوە قەبووڵ ناکات مەگەر بە زۆری دەنا هەمووکات بۆ دڵی خۆی دانیشتنی ماڵی خەڵکی ئاسایی هەڵ دەبژێرێ.
لە زستانی١٣٧٤ ه- و لە دامزراندنی NJO ئەدەبی شاری سەردەشت لەگەڵ دەنگ و رەنگ و بلوێری مام خدر ئاشنا بووم و هەر لە وێ وە سەرەنجی ئامادە بوانی را کێشا و ئێمە ی کرد بە خولیای سەوز و هەستی حەیرانی ، پاشان مام خدر زیاتر لە گەڵ چالاکان و خەڵکی شار تێکەڵ دەبێت و لە زۆر مجلس و بۆنە داوای لێدەکەن و دەبێت بە مایەی خۆشی مەجلسەکان لەگەڵ زۆربەی چین و وتووێژەکانی کۆمەڵگا هەستان و دانیشتنی دەبێت.لە سەرەتای سالەکانی ١٣٦٠ه- لە رێگەی د. مەحمەد رەزا دەروێشی لە بەرهەمێکی هونەری بە ناوی(آیینە و ئاواز) واتە ئاوێنە و ئاواز کە تایبەتە بە موسیقای مەقامی و فۆلکلۆری ناوچەکانی ئێران و زیاتر لە ٢٥ کاسیتە، لە یەکێک لەو کاسیتانە کە بە شێوەی ئورجیناڵ بڵاوبۆتەوە ماوەی نیو کاتژمێر بەیت و بەندی مام خدر تۆمار دەکرێت لە حاڵێکدا ئەو سەردەمە خەڵکی کورد زۆر بە کەمی لە گەڵ دەنگ و هونەری ئەو ئاشنان.
لە سەر دەمی خۆی لە ناوچەی ئالان زۆر گەورە پیاو ناوداری کورد لە نەزدیکەوە لە گەڵ مام خدر دادەنیشن و پەی بە هونەرمەندی مام خدر دەبن ورێزی لێ دەگرن و تەنانەت جارکیان ناسرومەرزیە داوا لە مام خدر دەکەن بە یەکەوە کاستێک تۆمار بکەن بەڵام مام خدر لە گەڵیان ناروا ، دوای شۆرشی ئێران (٥٨)لە سەدان رادیۆ و تەلەویزیۆن و گۆڤاری کوردی و فارسی مام خدر بانگهێشت دەکرێت و زۆر کەس بە شێوەی خسوسی لە نەزدیکەوە بەرهەمەکانی مام خدر تۆمار دەکەن وکەڵکی لێ وەردەگرن، دو جار لە فستیواڵی موسیقای نەواحی ئێران بانگهێست کراوە(کرمان و تاران)

دووجارلەفیستڤاڵە کانی مۆسیقای کوردی و میراسی فەرهەنگی لە سنە بە دوو جار لە فیستیڤاڵی هەوارگەی سۆز لە ئەنجومەنی ئەدەبی(خانێ)بە فیستیڤاڵی مۆسیقای مەهەبادو بەرنامەی نەورۆزانە ، لە کوردستان TV کوردسات چەند جار بەرنامەی بۆ کراوە ،هەروەها لە ئەنیستیتۆی کەرپووری کوردلە سلەیمانی ولە لایان ماموستا مەزهەر خالەقی بانگهێشت کراوەو نیزیکی دووکاتژمێر لە بەرهەمەکانی تۆمار کرد.

لە ساڵی ١٣٨٢ی ە – لە لە یادی یەک ساڵەی فێرگەی مۆسیقای ماهۆر بانگهێشت دەکری و بە شێوەیەکی زۆر باش هونەری خۆی نیشان دەدات و سەرنجی هونەرمە ندان رادەکێشێت لەوە بڕیار درا کە کۆڕێکی ڕێز گرتنی بۆ ساز بکەن و لە ساڵی ١٣٨٣ ە- و بە بەشداری چەندین نووسەرو لێکۆلەری ئەدەبی ناوچەی موکوریان وهەروەها بە بەشداری چەندین هونەرمەندی شارەکانی سەردەشت و سەقز و بۆکان مەهاباد و ئامادە بوونی چەندین هونەرمەندی بەناوبانگ وەک ماموستایان عەزیز شارۆخ ،کەریم کابان،ئەنوەر قەرەداخی و...چەندین گەنجی حەیران بێژو شمشاڵ ژەن و هونەرمەندو خەڵکێکی زۆر کۆڕێکی هونەری و پێزانینێکی زۆر بە نرخ لە هۆڵی روشەنبیری سەردەشت بەرێوە چو کە لا کاتی خۆیدا کارێکی گەورەو تازەگەری بوو لە درێژەی بەرنامەکانی مام خدر قادری لە چەندین بەرنامە لە شاری سنە و هەروەها لە کۆنگرەی موسیقای هەورامان رێز گرتن لە هونەرمەند عوسمان هەورامی لە مەریوان بەشداری دەکات لە یەکێک لە فیستیڤاڵەکانی نەواحی ناوی لە گەڵ ٤٠ هونەرمەندی فۆلکلۆر تۆمار دەکرێت هەروەها لە تەواو ساڵەکانی فیستیڤاڵی بەیت و حەیران لە شاری سەردەشت بەشداری کردوە کە هەوێنی ئەم فیستیڤاڵە هەر لە بوونی مام خدروە سەرچاوەی دەگریت




کەسایەتی وهونەری مام خدر زۆر تایبەت و جیاوازە پیاوێکی زۆر خاوێن و هەمیشە جل و بەرگی تازە، قسە خۆش و بە ئەخلاق وخۆ بەکەم گرە ، هەرچەندە ناخێکی زۆر گەورەی هەیە سینگی پڕە لە بەیت و حەیران و لاوک و بەستەو بەندو مەقام ، لە سەدان و هەزاران مەجلیس و هەوارو کوێستان بەشداری کردوە بێ ئەوە کە تمەنێک وەربگرێت مەگەر وەک دیاری ، وەک خۆی دەڵێت هیچ کات بە بەهای نەکووتوە،هەر بۆیە ئێستا کە مام خدر وەک ماموستایەکی گەورە دەناسرێیت هەر کاتێ بە شەقامەکانی شار دا تیدەپەرێت خەڵک بە رێزو حورمەت و خۆشەویستی سەیری دەکەن لە کاتێکدا مام خدر بنەماڵێکی زۆری بەملەوە کەسێکی دەست تەنگە بالام رۆحێکی بەرزەفری هەیە وهیچ کات هونەری خۆی بە پارە نەگۆریوەتەوە هەر کاتێک حەزی لێ نەبێت بەهیچ شێوێک دەنگی هەڵنابڕێ ،مام خدر ئاشنایە بە حەیرانی دەشتی هەولێرو موکوریان بەلام زۆرتر حەیرانی دەشتی هەولێر دەخوێنێت و خۆی هەولێر لە باری حەیران بێژ بە دەوڵەمەند دەزانێت جیا لە وە شارەزایە لە خوێندنی لاوک ، تەنیا کەسێکە لە لاوکی بە زمانی موکوریانی وەرگێراوە و خوێندوویەتی ،ئازیزە یەکێکە لەو بەرهەمانە کە لە دەنگی ئەو بڵاو بۆتەوە،ئەو بڵاو بۆنەوە زۆر بە تواناو بە هەست ئەو ئازیزەی خوێندوە و خەیاڵمان ئەباتە ناو کوێستان هاوینە هەوارەکانی شاری سەردەشت و دەوروبەری ئێمە گوێمان لێ بوە ، ئەو ئازیزە ناوێکی زۆری دەرکردو کەم کەس دەتوانێ وەک ئەو بیچڕێتەوە چون قورگ و حەنجەرەو لەرینەوەی دەنگی لەو بەرهەمەدا بێ وێنەیە زۆربەی ئەو کەسانەی کە من لە نزیکەوە دیتومن لە کوردو فارس دان بە شارەزابوون و ماموستا بوونی خدری قادری دادەنێن،ماموستا چەند جار لە گەڵ ماموستا قالەمەرە دانیشتووە هەرکاتێ مامەقالە روولە شاری سەردەشت بکات دەڵێ خدرم بۆ بانگ کەن من بێ خدر بۆ هیچ شوێنێ نایم لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیونی دا ماموستا قالە مەرە دەڵێت ئێستاکە لەو لەو هەرێمە کوردیانە حەیران بێژو بەیت بێژی وەک خدر قادری نیەو نەبوە ئەوەی جارێک بیڵێت نایڵێتەوە.ماموستا خدر قادری کەم و زۆر بلوێری ژەنیوەو بلوێرەکەی ئێستاکە تەمەنی نزیک شەست ساڵ دەبێت لەو ساڵانەدا هەوڵماندا بە نووسینەوەی ژیان وبەرهەمەکانی ماموستاخدر قادری و ئەگەر بەخت یار بێت لە داهاتودا لە کتێبێک بە چاپی دەگەیەنین کە ناوەرۆکی ئەو کتێبە بریتیە لە چەند چاوپێکەوتن لە گەڵ خۆی و ژیان و بەسەرهاتی هەروەها چەندین وێنەی هونەری و خەلات و رێزنامەکان و فیستیڤاڵ و بەرنامەکان ونووسینەوەی بەشێک لە بەیت و حەیران ولاوک و بەندەکان لە بەشێک لە و کتێبەداهەوڵماندداوە راو بۆچونی چەندین کەسایەتی هونەرمەندو بەناوبانگی کورد وەربگرین بۆ وێنە ماموستا سەعیدی گاباری کە یەکێکە لە شارەزایەنی ئەم بوارە چالاکی و گەڕانی زۆری هەبوە بەو ناوچانە کە حەیران و حەیرانبێژی زۆری هەیە لە بەرنامەیەکی تەلەفیزۆنی لە گەڵ ماموستا خدر قادری چاوپێکەوتن دەکات دەڵێ هەندێ کەس حەیران دەبەستنەوە بە دەشتی هەولێرو قراج و کەندیناوەوبادینان بەڵام من ئەوە رەد ئەکەمەوە چۆن تەواوی ئەو شوێنانەی کە حەیران و حەیران بێژی لێبێت چووم و ئێستاکە دەبینم ناوچەی موکوریان حەیران بێژی چاکی هەیە و دەڵێ ماموستا خدر قادری باشترین دێکومێنتە کە ئێستا لە ژیان دایەو راستگۆیانە باس لە ئەمە دەکات کە کام بەرهەمە لە کێ و لە کوێ فێر بوە ونایکات بە بەرهەمی خۆی و ئەوەش ئەخلاقی هونەری ماموستا خدر دەگەیەنێت .بە خۆشیەوە لە زستانی ١٣٨٨ی ە لە خزمەت ماموستا چوینە تاران لە ستۆدیۆی ١٠٠٠ ئاواز بەهاوکاری هونەرمەند ئازادی میرزا پوور لە ماوەی 3 شەو زۆربەری بەرهەمەکانی ماموستا خدر قادریمان تۆمار کردکە هەوڵ دەدەیین لە گەڵ کتێبەکە لە پەکێجێک دا بڵاویان بکەینەوە کە بەرهەمێکی زۆر بە نرخ دەبێت بۆ ئەو کەسانە کە خولیای موسیقی فۆلکلۆرن هەروەها بۆ ئارشیوی موسیقای رەسەنی کوردی ، بە چەند بیرەووەری بابەتەکەم درێژە دەدەم لە ساڵی١٣٨٤ی ە فیستیڤاڵی موسیقیای میراسی فەرهەنگی لە شاری سنە زۆر هونەرمەندی فولکلوری لێبون بەڵام پێشوازیەکی بێ وێنە لە مام خدر کرا تەنانەت سەرنجی میوانە دەرەکیەکانی راکێشا و هەر لە وی هونەرمەند عێرفان میرانی وتی من لە سنە بۆ هیچ بەرنامەیەک ناچم بەڵام

سەرچاوە
Serchawe

شوێنێ ماموستا خدر قادری لێ بێ بە لاق نا بە سەر دەچم هەر لەو ساڵەو لە شاری سنە لە فیستیڤاڵی موسیقای کوردی کاتێک کە رۆیشتە سەر شانۆ بەرهەمی خۆی پێشکەش کردهونەرمەندان و ئامادەبوان هەستانە سەر پێ و ماوەی 5خولەک چەپڵەیان بۆ ماموستا لێداو لە بڵاوکراوەی ئەو ساڵە دا بەرگی یەکەم تایبەت کرا بە ماموستا خدر قادری جارێکی لە مەهاباد کۆمەڵێک لە بیت بێژان وەک خاڵە سورە ،خات و خاس،قالە شین ، زۆر هونەرمەندی لاو لەوێ بوون هەر کەس دەیگوت ئەوە دەزانم ئەوەی تر دەیگوت فڵان شت دەزانم و تاباسی لاس و خەزاڵ هاتە گۆرێ یەکێک لە بەیت بێژەکان وتی من زۆر باس دەیزانمانم ،مام خدر وتی من نایز بەڵام تۆش مەلێ من دەیزانم بۆمان بڵێ بزانە ئەو خەڵکە دەڵێ چی دواتر مام خدر وتی ئەمنیش دوو بەندانی لێ دەڵێم کاتێ مام خدر وتی و سەرنجی هەموانی راکێشا ئەوجار خات و خاس وتی بە راستی کاک خدر ئەوەی تۆ دەڵێی نایزانم و ئێمە دەڵێیین دەیزانیین تۆ لە ئێمەی باشتر دەزانی.

من هەر ئەوەم لە بیرە کە لە هەر شوێنێک بووبین لە ناو ماڵ یان لە ناو ماشێن لە سەفەرو لە بەرنامەو فیستیڤاڵ ،هەر شوێنێ مام خدری لێ بووبێت لە هەموو شوێنێک شلوغترو ئەو مەجلیسە لە هەموو مەجلسێک گەرمتر بووە.

لە کۆنگرەی موسیقای هەورامی لە مەریوان لە خزمەت د.مەحەممەد رەزا دەرویشی ود.حەمید ئەردەلان دابووبین باوەرێکی زۆریان بە هونەری مام خدر هەیە و دوا ئەو سەفەرە



پێوەندیان پێوەکردم کە لە گەڵ ماموستا خدر قادری لە فیستیڤاڵی اتنۆموزیکولوژی لە وڵاتی روسیە بەشداری بکەن و ئێستاکە کارەکانی هەمووکراوە و بریارە لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەر سەفەر بکەن ،ئەوە یەکەم جارە حەیران بێژێک لەو ناوچەیەدا تا ئەو رادەیە گرینگی پێ بدرێت ئەوەش مایەی شانازی ی یە بۆ موسیقای رەسەنی کوردی

بەڵێ ئازیزان بە کەم و کورتی باسمان کرد لە کەسایەتی ماموستا خدر قادری کە یەک لە هەزارە،چۆن بەراستی ماموستا خدر قادری گەنجینەی بەیت و حەیرانە و من کە ماوەی ١٠ ساڵە لە خزمەتی دام هەر جار کە لە گەڵی دادەنیشم گوێم لە شتی تازە دەبێ جا بۆیە پلەو پایەی مام خدر قادری بۆ هەمو کەس دەرکەوتوەو ئێستاکە لە تەواوی سنورەکان لە موکوریانەوە تا کرمانشان و خوراسان و هەولێرو سلێمانی و دەرەوەی وڵاتیس ناوێکی ئاشنایە ئێمەش کە ئەو گرینگیەمان بۆ دەرکەوتوە چەند ساڵێکە بەدوای ئەوە داین کە پەیکەرێک لە ماموستا خدر قادری ساز بکەیین لە یەکێک لە شەقامەکانی شاری سەردەشت دایبمەزرینین جا بۆ ئەو مەبەستە ئەوساڵ بە شێوەی رەسمی لە لایان فێرگەی موسیقای ئاوای کورد نامەیەکمان ئاراستەی شارەوانی و شۆرای شار کردو هەروەها نوێنەری مەجلیس و فەرمانداری و ئیدارەی رەوشەنبیری شارمان ئاگادار کردەوە ،سەرەتا رەزایەتی زارەکی شارەوان و شۆرای شارمان وەرگرت و دوو جار چوینە خزمەت ماموستا هادی زیائەدینی و جارێکیان ماموستا خدر خۆی لە گەڵمان بووماموستا هادی زۆر بە رێزو باوەشێکی ئاوەڵا وەریگرتین و قەبووڵی کرد کە ئەو کارە بکات و کارە سەرەتایەکانمان کرد و دیسان لە رۆژی ١١ی گەلارێزانی ئەو ساڵ سەردانی شۆرای شارمان کردەوە بریار درا کە لە بودجەی ساڵی ١٣٩٢ ئەو بابەتە بە رەسمی تومار بکەن و بەو هیوایە کە تا ماموستا خدر قادری لە ژیان دایە ئەو کارە بکەیین کە لەوە بەدوا ئەوە ببێتە داب و نەریتێکی جوان کە تا هونەرمەندان وئەدیبان و گەوران زیندون رێزیان لێ بگیرێت و بایەخیان پێ بدرێت

چی تر ئەو رەخنەمان لە سەر نەبێت کە لە ناو کورد دا تا کەسێک نەمرێت لینگی درێژنابن و لەوە بەدوا دەسەڵات داران و بەرپرسانی فەرهەنگی و هونەری وڵات زیاتر لە جاران بایەخ بە هونەرمەندانی فۆلکلورو رەسەن بدەن کە بەراستی هونەرو هونەرمەند ناسنامەو شانازی هەر گەل و وڵاتێکە.

حەیران وەرە لە دۆڵە ناری ،زولفی ئەوێ شل و ملێ ،کەمەندن
پێیاندا وە سەر دەکەوتم زەردوو سووری ئێوارێ
ئەمن ماچێک و دوو راموسانم دەست قەرزن لە وێ شل و ملێ
یەکیان لە ناسکۆڵەی دە روومەتێ ،دووهەمیان لە خەت و خاڵی دە گەردنێ
سێهەمیان لە شۆرابەی دە گوارێ ،بە بەژنیشی دا دێمە خوارێ

سەرچاوە : ماڵپەری شۆرش ئەبوبەکری

# لە سێدارە دانمان لە هەخامەنشیەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران



بەشی شەشەم و کۆتایی

نووسینی: هۆمەر



## کۆماری ئیسلامی میراتی ٢٥٠٠ ساڵ تاوان و جەنایەتی هەر لە هەخامەنشییەوە تا قاجار

کۆماری ئیسلامی پاشەڕۆی هەخامەنشەکان و ئاوێنەی نمادینی ساسانیەکان و تف کراوەی جنایەتکارانی بوغزاوی سەفەویەکان و نمونەی ڤین و نەفرەتی قاجارەکان

### عەشیرەی پارس و دژایەتیی ئازادی و دێموکراسی

بەشی سێ لە قاجارەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی

عەشیرەی پارس گیرودەی دوو بیرو باوەری لە یەک تیک هەڵکیشراوی فکری و ڕۆحی دژی ئازادی و دیموکراسی و مروڤایەتی، لە یەک قالبدان کە بەروپشتی یەک سکەن : خەسرەوی خودایان ـ خودای خەسرەوان پیوەندی تورکەکان : پیوەندی تورکەکان دەگەڕیتەوە بۆ زۆر کۆن بۆ سەردەمی ساسانەکان و تیکەڵاوییان لە گەڵ خەسرەوانی ساسانی وەک هاوکاریان لە کوشتنی بارامی چوبین و لە دووای ئیسلام پیوەندییەکان بە تایبەت لە خوراسان بەرفەراوانتر بووەتەوە گەرچی تورکان بە لەشکەر کەشیەکانەوە دەناسرێن بەڵام تایبەتنەندییان بازەرگانییەک بووە کە ئەوان لە سەر جادەی ئاوریشم لە گەڵ ئێرانییەکان و دونیای ئیسلام دەیانکرد هەربۆیە ماوەرائونەر(خوراسان) کە ئیستا ئوزبەکیستان و تاجیکستان جێی گرتووە زۆر ئاوەدان بووە و تورکی زۆری لێ نیشتەجێ بووە بووە هۆی دەوڵەمەندی ئەم دەورە وپیشکەوتنی شارستانیەتی و ساز بونی شارەگەورەکان وەک مەرو و بوخارا و سەمەرقەند و نیشاپور ئاسەواری لە سەر ژیان و فەرهەنگی ئەم هەریمە سیتەکان و هیندییەکان و دوایش لە سەر هەموو ئیران دانا . بۆ نمونە ئوزبەکەکان لە ئاسیای ناوینەوە هاتون بەڵام ڕەنگی فەرهەنگی ئیرانییان زۆر پیوەیە و بە فارسی قسە دەکەن . تورکەکان بەردەوام زیاد دەبوون و بازەرگانی مروڤیشیان دەکرد و لە بارگای حکومەتە هەریمییەکان دووای ئیسلام و هەر وا لە خەلافەتدا ڕۆڵیان دەبینی هەبوونی ئەو غوڵامانە بۆ بە زیندوکردنەوەی نەرێتێکی کۆنی دەرباری خەسرەوان کە غوڵامبازییە و لە ئەدەبییاتی عیرفانی ئیرانیدا بە ناوی شاهید ناو دەکریت غوڵامانی تورک زۆر خۆشەویستی خاوەنەکانیان بوون کە وایە تورکەکان وەک هۆز و عەشیرەی شەرکەر ڕۆیان لە ئیران نەکرد بەڵکو وەک هیزیکی بە کاریگەر لە سەر کۆمەڵگا و دەسەڵاتەئیرانییەکان هاتبوون تورکان لە سەدەی دەوە دەسەڵاتیان لە زوربەی شوێنەکانی ئێران بە دەستەوە گرتبووو بە پیچەوانەی ناسیونالیستەکان تورکەکان وەک بیگانە تەماشایان نەدەکرا . بەرلەوەی تورکەکان وەکوو هێزی سەربازی بەرچاوو لە دونیای ئیسلامدا هەبن کەوتنە ناو دەربار، بەڵام بە هیز بونی غوڵامە تورکەکان لە گەڵ چینی بازرگانی شارەکان بوو کە لە ناو دەربار دەسەڵاتیان هەبوو . ئەوە ڕونە کە دەسەڵاتی تورکەکان لە غەزنەوییەکانەوە دەستی پێکرد تورکەکان دواتر لەسەدەی دە ئیسلامیان قەبوڵ کرد . موبدان، وەزیرە ئیرانییەکان وەک نیزامەلمولک و شاعیرانیان وەک فردەوسی هەوڵیاندا کە تورکەکان ڕەنگی خەسرەوانیان پی بدریت و ناوەندییەکانیان لە ئیسفەهان ، کرمان و یەزد ساز بکەن بەڵام سەر نەکەوتن . بە هاتنی تەیموری لەنگ(تەیموریان) ٧٦١ هجری قەمەری ١٣٦٠ میلادی خووارەزم،خوراسان، هەرات و نیشاپور ئازەربایجان، ئرمەنستان، لرستان و گورجستان، شیروان و مسکو و هیندی تەسەروف کرد تورکان بوون بە هۆزیکی بەرچاو و لەمەبەدووا لە حکومەتی تورکمەنەکان و سەفەوییەکان و پەلەوییەکان بەشیک بوون لە مێژوو کە تورکان ڕۆڵیکی سەرەکی بوون تورکەکان لە باری فەرهەنگی ژیانیشەوە کارگەری مەزنیان بووە سەدان هیزی تورکمەن لە جوغرافیای ئێران نیشتە جێ بوون لە زۆر جی تووانەوە و لە زۆر جێ زمانی ئەوان بۆ بە زمانی سەرەکی خەڵکی هەریمەکە وەک ئازەربایجان کە بە زمانی تورکەمەنی ئازەری قسە دەکەن چونکە ئازەربایجان لە باری نیژادییەوە تورک نین جوون بەشیک لە تورکەمانەکان فەرهەنگ و باوەری کۆنی گەلی هەریمی زاگروسیان هەڵگرت و وەک هیزیکی دژەبەریان لی هات و بەشیک لە تورکمانەکان بونە ئەهلی حەق و هەر وەک کوردە ئلحەقەکان چەوسێنراونەوە و هیرشیان کراوەتە سەر و چەند عەشیرەی گەورەیان شیعەیان قەبووڵ کردووە و بە یەکەوە لە هاوپەیمانی قزڵباش بە سەروکی شا ئیسماعیل دەسەڵاتی سەفەوییان دامەزراند و هەم لە دژی عوسمانییەکان شەری گەورەیان کردووە . بەڵام تورکمانەکان بە دوای سەقامگیر بوونی سەفەوییەکان و بە رەسمی ناسینی شیعەی دەرباری دووایی لە لایەن شا عەباسەوە وەکوو کوردەکان بە مەترسی بینران و لە لایکیترەوە بۆ پیک هینانی دژمنایەتی نەتەوەیی کوردانی بۆ ئەم دەفەرە کۆچ پیدا کە کوردان بینە بەرگری هیرشەکانی ئوزبەکەکان و تورکمەنەکان و بە شیوازی پیلانی نامەردانە سەروکەکانیان سەر بە نیست کران و عەشیرەتەکانیان بۆ شووینی دوور کۆچ کران . (وەڵاتی ئازاد لاپەرەی ١٣ ))

حکومەتـەکانی تـورک : بـە دوای هـاتنی ئیسلام لـە سـاڵی٣٤٤ هجـری . ق سێ دودمـانی تـورک لـە ئیران تـا سـاڵی ٦١٦ هجـری . ق نزیکـەی ٣٠٠ سـال حکومرانیـان کـرد . غەزنەوییـەکان : سـوڵتان محمـود بـە هـۆی داگیرکردنـی هیندوسـتان و تـاڵان کردنـی سومناتی هینـد بـە نـاو بـانگن و لـە سـەلجوقیەکان دەورانـی پاشـایەتی سـوڵتان سـەنجەر وەڵاتـی کوردوسـتان نـاو بانـگ کـراوە و کـوردان ڕۆڵێکی گرینگیـان بـووە و دوایـی خوارەزمشـاهیان هاتنـە دەسـەڵات و بـە هیرشـی مـەغول بـۆ سـەر ئیران لـە بـەین چـون لـە دەورانـی غەزنەوییەکان شیعەی عەلـەوی ڕۆڵـی مـەزنی بـووە . لـە هـەموو دەورەکـانی غەزنـەوییان و سـەلجوقییەکان خوراسـان شـوێنیکی بـە هیـز و ئـاوەدان بـووە و بـە دوای هیرشـی مـەغول ئـەم مەرکەزییەتـەی خوراسـان لـە بـەین چـوو . وتمـان مەغولـەکان حکومـەتیان بـە شـێوەی عەشیرەتی بـووە قـەت ناوەنـدیکیان سـاز نـەکردووە . مەغولـەکان ناوەنـدی خەلیفـەی بەغـدادیان لـە بـەین بـرد و قۆنـاخیکی نـوێی لـە ئیسـلام و لـە ئیـران دەسـتی پـێ کـرد ، لەمـە بـەدووا تورکـەکان لـە میـژووی سیاسـی و دەسـەڵاتی ئیرانـدا ڕۆڵیکـی بـەرچاویان بـووە . لـەدەورانی بـە هیـز بـوونی سـەلجوقییەکان شـوێنی شـەری نـەریتی عەشـیرەیی و خێڵـەکی لـە گـەڵ نـەریتی دیـوانی خەسـرەوانیدا بـوو . بـە هـۆی پـی وەنـدی کۆنیـان لـە گـەڵ یەهوودییـەکانی خـەزەرەوە شـوێنیکی تایبـەتیان لـە دەربـار دەدا بـە یەهوودیـەکان دەبـووە هـۆی فـەراوانتر بـوونی دەسـەڵاتی دەربـار لـە دژی دەسـەڵاتی هـۆز و بەرفـەراوانکردنی بازەرگـانی و کاریگـەری یەهودییـەکان لـە بـازاری شـارە گـەورەکان . سـەلجوقییەکان دەربـاریکی پـر لـە پیلانگیـری و ناکۆکیـان بـووە ئـەوەیش نیشـاندەری شـەری ناوبـەرەی لایەنـەکان لـە دەربـار بـوو . بـۆ دەسـەڵاتی تورکـەکان خاڵی باوەر و ئایدیۆلۆژی زۆر گرینگ نەبووە .

سەفەوییەکان هەم لە باری ملییەتەوە و هەم زمانەوە و هەم لە باری ئائینەوە .لە دەورانی دەسەڵاتیان بە دژی میلەتی کورد بوون شا ئیسماعیل تایفەی قرخلو کە کورد بوون لە ئازەربایجان کۆچ ئەدا بۆ خوراسان تا لە برامبەر هیرشی ئوزبەکەکان و تورکەمنەکان ڕاوەستن و شا عەباس ئەم تایفە و ئیلانەی کورد لە گەڵ ئیلی شامسون تیکەڵ کرد . سەفەوییەکان تەحەمولی هیچ ئـائینیکی مەزهەبییان نەبوو هەر بۆیە مەیدانی بە هەمو ئائینیک غەیری شیعە تەسک کردەوە هەزاران مەزدەکی و زەردوشتی و مەسیحی و یەهودی کوشت و لـە هیچ ستەمیک بە دژیان قسوریان نـەدەکرد بـەم هۆیەوە لایەنگرانی ئەم ئائینانە رویان کردە شیمالی ئیران زاگروس و ناو کوێستانەکانی قەفقاز و کونستانتین . هەروەک دەورانی ساسانییەکان دەسەڵاتی ڕەجعی و ڕەشی پشت بە بیگانـەی خودایی خەسرەوانی دادەمەزرینن . لە پیش پیک هاتنی تەنیا دەوڵەتی ملی سەفەوی مەدارا و سازان لـە بـەینی مەزهەبەکانـدا بـووە و ئەمە بە ڕونی لە نوسراوە و شعری مەولانا و سەعدی، فردەوسی و ئیبنی سینا دەبینریت بڵام دەوڵـەتی پیک هـاتنی ئـەم دوو دەوڵـەتە بـە پێ ناسینی رەسمی مەزهەبی شیعە و سوننی بـووە هـۆی ڕەقابـەت و دژمنایـەتی هـەرکامیان ڕەوابت و و مەدارا و یەکیەتی کۆمەڵگایان لە بەین برد و تنیا مەزهەبەکەی خۆیان هۆی یەکیەتـی و ڕزگاریان دەناسی دژمنایەتی شیعە و سوننی جیگای مەدارا و سازانیان گرت و بە زەبری تـیخ و شمشیر و قـەتڵ وعـامی خـەلک یەکیەتییان پیک دەهینا . سەفەوی نلە حالی شەری مەزهەبیدا نەبوو ، بۆ چی شا ئیسماعیل شافعی سوننی مەزهەبی شیعەی ڕەسمی کرد و بە دژی مەزهەبەکانی غـەیری شیعە بە تایبـەت بە دژی سوننی ڕاوەستا لە سەدەی ١٦ دەورانی قرونی وستایی روو لە تەواو بوون بوو و ئیمپراتوری عوسمانی ئەمجار رووی لـە ڕۆژهـەڵات و ئیران کـرد سـوڵتان محەمەدی عوسمانی زۆر خـاکی دەوروبـەری ئێران داگیر کرد کە سەفەوییەکان لە گەڵ ئـاق قویونلووەکـان هاوسنوور کـرد . و ئیمپراتـوری عوسمانی لـە جێ دروشمی کوشتنی مەسیحی سەوابە دروأمی کەشتنی شیعە سەوابە سەردا و شا ئیسماعیلیش کەوتە کوشتاری کوردی سوننی بووە بەهانە بۆ شەری قودرەتی سەفەوی وعوسمانی لە ژیر نـاوی دیفـاع لە قەومەکانی شیعە و سوننی کە خۆیـان زۆر جـار سەرکوتیان کردبوون و ئەم دەسەڵات خوازییە و فاشیسمە بووە هۆی قەتڵ و عامی ئەرمەنیەکان و مەسیحییەکان و کوردی عەلەوی و یەزیدی ئەو فەجایع و جەنایەتەی خوڵقاند کە پان تورکیست بە ناوی دینی ئیسلام کـردی و بەم شیوەیە مەزهەب بوو بە ئەبزاری قودرەتی پاشاکانی سەفەوی و عوسمانی شا ئیسماعیل ئەم ئیختیلافی مەزهەبەی بە بیانوی پیک هینانی دەوڵەت و وەڵاتیکی یەکگرتوو لـە ژیر ئـاڵای شیعە بە کار هینا . ئەم فکرە بووە هۆی خولقاندنی جەنایەتیکی قیزینەو و شەرم لە ئەردەبیل هەر کەس نەی وتایە علی وەڵییوڵلا دەیان سوتان لە شیروان لـە کوژراوەکـان منارەیـان دروسـت کردلـە تـەبریز تا لیباسی سوریان لە بەر نەکرد بیست هەزار نەفەری سەربری کوردان بۆ پاراستنی خۆیان لە بەرامبەر شاعیسمائیل ڕاوەستان و بریک لـە عەشیرەکان بۆ پاراستنی خۆیـان چونـە پـاڵ عوسمانی و ئەوانیش بە بیانوی بی متمانە بوون و یارمەتیدەری شیعە ٢٥ کەس لە سەروکە کوردەکانیان کوشت بەم شیوەیە پەرەپیدانی دەوڵەت و خاک لە لایەن پاشا و دەسەڵاتخوازان دەبیتە هـۆی جیـاوازی و پارچە بونی خەلک و خاک .

قاجارەکان : (١١٧٢ . ١٣٠٤ ) لە تورکەمەنەکانن کە لە هیرشی مەغولەوە گەیشتونەتە ئیران و لە نەوەی قاجار نویان یەکیک لـە سـەر دارانـی چەنگیزخانن و تـەیموری گورکـانی بەشیکی زۆر لـە تایفەکانی تورک و قاجارەکانی گرتبوو و ویستی بیان نیریتەوە بۆ ئاسیای میانە. بڵام بە تەمەنای خواجە عەلی سیاپوش، سوفیی خانقای سەفەوی ئازاد کران و بووە هۆی ئەوەی کە ببنە شیعە . قاجارەکان بونە یەکیک لە پیک هینەرانی سپای قزڵباش و لە باکووری چۆمی ئـەرەس نیشتەجی بوون. شا عەباسی یەکەم دەستەیکی لەمانە هینایە "ئستەرئاوا"ی دەشتی گورگـان، بە مەبەستی بەرگری کردنی هیرشی تورکمەن و ئوزبەکەکان. ئەم تـاقمە دووای بونـە دوو شاخە شاخەی سەروی چۆمی گورکـان بـە نـاوی یوخارییـاش و شاخەی خـووار چومی گورکـان بـە نـاوی ئاشقەباش، کە قاجاریەکان لەم ئیلەن.

دەبینین کە قاجاریەکان نە ئاریائین و نە لە عەشیرەی پارسن . نەتەوە و نیشتیمان گرینگ نییە بەڵکو ئائین و مەزهـەب بـۆ دەسـەڵات گرینگـە ئـەویش پـەیرەوی شیعەی جەعفـەری دووازدە ئیمامی بیت (ئەمە خاڵیکی زۆر تایبەتە بۆ ناسینی کۆمەڵگای پارس) بە دوای هیرشی ئەفغانەکان، شا تەهماسب هەلات بۆ مازندەران و فەتحعەلی خانی قاجار پەنـای دا و بـووە سـەرداری سپاکەی. بەڵام بە دوای هاتنی نادر ی کورد ، فەتحعەلیخان لادەبـات و دەکوژریت و کورەکـەی محمـد حەسـەن خانی ١٢ سـاڵە جێ دەگریت کە نـادر حەوالـەی یوخارییاشەکانی دەکـات. دوای نـادر لـە سـالی ١١٢٦ هەتـاوی محەمەد حەسەن خانی ئستەرئابادی بەپشتیبانی ئینگلیسیەکان ئیدعای پاشایەتی دەکات. بەڵام کەریم خانی زەنـد تیکی دەشکینیت و بـە دەستی یەکیک لـە تایفـەی ئەشاقەباش دەکوژریت وکورەکانی ئاغا محەمەد خان و حوسەین قولیخان زیندانی دەکات. بەڵام حوسەین قولیخان دەینیرن بۆ سەرکوت کردنی حاکمی ئستەر ئاباد یاغی دەبیت و زەکی خانی زەند دەیکوژێت.

دوای مەرگی کەریمخان ئاقامحەمەدخان هەڵدیت و لە ساڵی١١٧٤ لە تـاران تـاج گـوزاری دەکـات. لـە سـاڵی ١٢٠٩ی قـەمەری ئاغـا محەمـەدخانی قاجـار هیـرش دەباتـە سـەر لوتفعەلیخانی زەنـد کـە حاکمی کرمان و تەبەس و خوار دەبیت. لە "بەم" شکستی ئەدات و دەیگریت کویر و حەواڵەی تـارانی دەکـات و پاشان لە ژیـر ئشکەنجەدا دەکوژریت. بـە هـۆی قـین و نیفرەتـی لـە کـورد لـە ئـازادی و مافی مروڤ هەزاران نەفەر لە خەباتکارانی خەڵکی کرمان کویر دەکات. وکاتیک شیراز دەگریت بە هۆی کینە و نیفرەتی لە دیموکراسی و لە کورد هەمو ئەوانەی کە لە دودمانی زەندن قەتل و عام دەکات، کورەکانی ئەختە دەکات ، واتـا دەخەسێنێ و دەسدرێژیی بە ژن و کچەکانیان و کورەکانیان دەکەن و بریکیان دەبەن بۆ تـاران لە قڵعەی بافت ئاباد زیندانیان دەکەن. ئەوانەی کە ناکوژرین

سەرچاوە Serchawe

پەنا دەبەنە عوسمانییەکان ئیمرۆ لە کوردوستان /کرماشان/ هەمەدان /کهگیلویە/ بویر ئحمەد =یاسوچ/ فارس =ئەردەکانی فارس و خوراسان پاشماوەکانی تایفەی زەند دەژین .دەورانی قاجارییەکاندا، ئینگلیسییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بۆ برگری لە نفوزی روسەکان لە ئیران، هۆی تحریک کردن و هاندانی قاجارەکان بە دژی روس بوون. چەندین شەر پیش دیت بەلام لە ئاخرین شەر لە شیمالی ئیران سپای روس سپای فەتحعەلی شا تیکدەشکینن و تەواوی رووباری ئەرەس تەسەروف دەکەن وبەرەو پایتەخت ریدەکەون. بە بی بەرگری تەبریز دەگرن. فەتحعەلیشا داوای سولح دەکات. سەفیری ئینگلستان مەک دونالد کە ترسی بەرکەوتبوو و فەتحعەلیشایش هیچ چارەی بۆنمابوو بۆ راگرتنی دەسەلاتەکەی، لە دی تورکمان چای، ریککەوتنامی پر لە شەرم و شووریی لە پنجی شعبانی ١٢٤٣ هجری قەبوڵ دەکات لە بەرابەردا روس لە وەلیعهد(جێنشینی) عەباس میزا پشتیبانی بکات (ئا ئەمەیە وەلات پاریزی و ئائینی عەشیرەی پارس) بەلام لە بەرامبەر هیرشی روسەکان بە ئیران لە شیمال سەردار عەوەزخانی برادوست لە لایەن شاعەباس کە جێ شانازی عەشیرەی پارسە کە بە زۆرەملی بۆ شیمال کۆچی کردبوو قارەمانانە بەرگرییان دەکات. کاتیک دەبینیت کە ناتوانێ سەرکەوێت، خۆی و ماڵ و منداڵی دەکوژیت و تەسلیمی روسەکان نابیت. ئەمەیە وینەی وڵات پاریزی و عیزەت و کەرامەتی کورد .

بە دوای ئەم شەرە روس و ئینگلیس لە ساڵی ١٩٠٧ بە پی ریککەوتنی هاوبەش، ئیرانیان لە بەینی خۆیان کردە دوو بەش بەشی شیمال تا تەبریز و ئسفەهان و کرمان لە ژیر سەیتەرەی روسدابوو و جنوبی ئیران. بوشهر ، بەندەری عەباس و فارس و جەزیرەکانی جنوب لە ئیختیار ئینگلیسدا بوو ،هەر دوو وەلات لە قەرار دادەکانی تجاری و حەقی کونسولی ئازاد بوون ..

دووای ئاقامحەمەد خان فەتحعەلیشا (١١٧٦ ـ ١٢١٣ ) ٣٧ ساڵ سەڵتەنەتی کرد و محەمەدشا ( ١٢١٣ ـ ١٢٢٧ ) ١٤ ساڵ ناسرەدین شا بە عینوانی قیبلەی عالەم (١٢٢٧ ـ ١٢٧٥ ) ٤٨ ساڵ تەواوی دەورانی پاشایەتی بە پیلان گیری و فیتنە و دوورویی و بە یەکدانی عەشیرە و تایفەکان وخیانەت بە نەیارانی خوی پاشایەتی کرد (تەفرەقە بینداز و حکومەت کن) . موزەفەرەدینشا (١٢٧٥ ـ ١٢٨٥ ) ١٠ ساڵ کە یاسای راگەیاندنی مەشروتەی ئیمزا کرد. محەممەد عەلیشا ( ١٢٨٥ ـ ١٢٨٨ )٣ ساڵ کە بە دژی مەشروتەبوو و مەجلیسی ئەوەڵی بە تۆپ بەست . ئاخرین پاشایان ئەحمەد شا بوو(١٢٨٨ ـ ١٣٠٤ ) لە دەورانی ١٣٠ ساڵەی قاجارەکان بەینی بەینی پاشاکان و عولەمای شیعە تەفاهوم و ناکۆکیهایکی زۆری تیدا بووە لە دەورانی قاجارەکانا روحانییەت زیندوو بووەوە و مەرجەعییەتی شیعە جێگیر بوو دەتوانین بڵێین مەزهەبی شیعە تازەبووەوە و پاشاکانی قاجار بە تەواوی گوێی رایەڵ و موتیعی عولەمای شیعە بوون .

رەزا قولیخان میر پەنج لە ٢٤ بەفرانبار ساڵی ١٢٥٦ شەمسی لە ئالاشتی مازندەران لە دایک بوو و ساڵی و لە ساڵی ١٢٢٣ لەژوهانسبورگ ئافریقای جنوبی مرد . ئەفسەری ٤٢ ساڵەی قزاق بە یارمەتی ئینگلیسییەکان بە سێ هەزار سەرباز لە ساڵی ١٢٩٩ کودتای کرد لە ساڵی١٣٠٤ بە یارمەتیجزبی تەجەدود و ئیسلاح تەڵەبەکان سەڵتەنەت لە قاجارەکانەوە بۆ رەزاشا راگویزرا و سلسلەی پەهلەوی بونیاد نا . ئەرتەش بە سەر هەموو مقام و ئورگانەکانیتری دەوڵەت ئەرجەحدرا . پشتیبانی لە مادلکین و سەرمایەدارەکان و کۆ کردنەوەی سەروەتی شەخسی و تەسەروف کردنی ماڵ و مڵکی خەلک و پیکهینانی فاسڵەی زۆرتری چینایەتی کوشتنی روناکبیران و بەستنی رۆزنامە و نەشرییە دیموکراتیکەکان بە نیازی زیندوکردنەوەی ئیمپراتوریەکانی رابردوو یەک دەوڵەت یەک میلەت و یەک زبان و تەنانەت یەک لیباس وپاک کردنەوەی زمانی فارسی لە واژەی بیگانەو زیندوو کردنەوەی ئائینی زەردەشت و زیندوکردنەوەی سیستمی حکومەتی بە شیوەی ساسانییەکان لە لایکەوە قەدەغە کردنی حیجاب بەرگری لە دەسەلاتی ئایەتوڵلاکان و سەرباز بگیری ئیجباری ناکۆکی و تەفاهوم بەینی رەزاشا و مەلاکان بەردەوام لە ئارادابوو رەزا شا بۆ بە دەست گرتنی قودرەتی موتلەقە و ئیستبدادی رۆژنامە سەربەخۆکانی بەست و لە نوێنەرەکانی مەجلس حەفازەتی پارلمانی لی سەندن و ریکخراوە سیاسیەکانی لە بین برد حزبی تەجەدود کە لە رەزا شا پشتیبانی دەکرد بسترا ، ریکخراوەی ئیرانی نەوینی دامەزراند دووای بووە حیزبی تەرەقی و ئورگانهایکی بە تەقلیدلەحیزبی فاشیستی موسولینی و حیزبی جمهوریخواە تورکییە پیک هینا و حیزبی تەرەقی بە بیانوی ئەوە کە بیری کۆماری هەیە لای برد . زیندانی قەسری دروست کرد و ئەوەڵین زیندانیەکانی لایەنگرانی پیشوی خۆی بوون و هەر نوعە هەلسورانی سازمان و ریکخراوەکانی چەپ و هەلسورانی کۆمەلایەتی ژنان قەدەغە بوو .

محەممەد رەزاشا :

لەچواری ئابانی ١٢٩٨ هەتاویلە تاران لە دایک بوو و لە ساڵی ١٣٢٠ بوو بە پاشا تا ساڵی ١٣٥٧ بە راپەرینی خەلکی ئیران هەڵات بۆ میسر و لە ساڵی ١٣٥٩ لەوی مرد محەممەدرەزا بە پشتیبانی ئینگلیس و ئامریکا بە جێ نشینی باوکی دابینکرا .لە ساڵی.... بە هۆی راپەرینی گەلی ئیران لە وەلات هەلات و لە ٢٨ مورداد بە یارمەتی ئامریکا هاتەوە و راپەرینەکەیان تیک شکاند لەو دەمەوە ئەرتەشیکی موجەهەز و مودەرنی پیک هینا و ئیسلاحاتی ئەرزی راگەیان و باشترین زەوییەکانی بە خۆی و بنە ماڵەکەی ئیختساس دا شرکەتەکانی تەعاونی و سەدان شەریکەیتریان بونیاد نا کە زوربەیان بە خۆی و بنەمالەکە ئیختساس درا و لە شیرکەتی نەوت بە ملیارد بەرداشتی وحەوالەی حیسابەکانی خۆی لە دەرەوەی وەلات دەکرد و بریک لە سەهمی کارخانەکانی بۆ خۆی دابین کردبوو ئەودەم سازمانی ساواک و روکنی ٢ و سازمانی بازرەسی شاهەنشاهی و ٨٠٠٠ نەفەر گاردیمحافزی شاهەنشاهی و بونیاد نانی تەک حیزبی لە وەلات بە ناوی حیزبی رەستاخیز وبونیاد نانی سپای دانش و لە زانکۆی ئیلاهییات ئاموزشی سپای دین بۆ دیهات و زۆر جەسورانە ساڵنامەی لە خۆ سازکراوی شاهەنشاهی ٢٥٠٠ ساڵە لە جیگای سالنامەی هجری ـ شەمسی و بە دانانی فروشگای تعاونی زەنجیرەیی مەربوت بە بنە ماڵەی خوی کە جنسیان بە قیمەتی کەمتر لە بازار بە خەلک ئەدا بووە هۆی وەرشکستی زۆر دوکاندار و زیاد بونی بیکاری کە ژمارەیان بە ٢ ملوێن و نیو گەیشت و بونە سپای موستەزعەفینی کوماری ئیسلامی . ئایەتوڵاکان دەنگیان لی هستا روحانی وتی حیزبیی رەستاخیز ناقسی قانونی ئەساسی و بە دژی منافعی وەڵات و بە دژی ئیسلامە . ئایەتوڵلا خومەینی داوای کرد کە موسوڵمانان لە رەستاخیز دووری بکەن ووتی ئەمە ناقسی حقوقی مروڤ و یاسای جیهانی و ئیسلامە و ئایەتوڵاکانی نزیک بە خومەینی وەک بەهەشتی، موتتەزری، حوسەینی قومی، رەبانی شیرازی، زەنجانی ، نوری ،مەهدەوی کەنی ، خامنەیی، لاهوتی و تاهیری و ئەنواری گیران و زیندانی کران .

سەرەرای ئەم ناکوکیانەی مەزهەبی و سەخت بونی مەعیشەتی ژیان بیکاری و سانسور و لە بەین بردنی ئازادییەکانی مروڤ و کۆمەڵگا و گرتن و ئشکەنجە و پیک هینانی جەویکی خەفەقان و پولیسی و میلیتاریزە کردنی وەڵات بە تایبەت کوردوستان بە سازمانە سەرکوتگەرەکانیەوە ئیتلاعات، روکنی دوو، بازرەس و پولیس و ژاندارمری و لە لایکیترەوە زیاد بونی پنج بەرابەر بونی دەرامەدی نەوت . تەبعیزی میلەتەکانی ئێران و زیاد بونی فاسڵەی چینایەتی و زیاد بونی تەوەقوعاتی خەڵک بووە هۆی پیک هینانی راپەرینی ساڵی ١٣٥٧ بە رابەری ئایەتوڵلاکان .

سەرچاوەکان :

تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ا. آ. گرانتوسکی - م. آ.

داندامایو، مترجم: کیخسرو کشاورزی، ناشر: مروارید

تاریخ اجتماعی ایران مرتصی راوندی

تاریخ ایران از باستان تا امروز آ . گرانتوسکی ترجمه کیخسرو کشاورز

تاریخ ایران از عهد باستان تا قرن ١٨ ، پیگولووسکایا، ترجمه کریم کشاورز، تهران، ١٣٥٣

تاریخ ماد. ایگور میخائیلوویچ دیاکونوف. ترجمه کریم کشاورز، تهران: نشر امیرکبیر.

تاریخ ایران باستان. دیاکونوف، میخائیل میخائیلوویچ. روحی ارباب. انتشارات علمی و فرهنگی، چاپی دوو ١٣٨٠

١ . ئەوانەی کە سەڵاتیان فروشت و بەخشی، شووینیستانە ئیدیعای ئیرانی تەفکیک ناپەزیردەکەن ! فاکتەر و ئسنادەکانتان کامەیە؟ تکایە بیانهیننە پیش و روی خەن .

٢ . ئاریایی کامەیە و لە کووێوە هاتووە ئەم سەر زەوییە ناوی ایران نییە ! ؟

## بەشی چوارەم و کۆتایی:ساختاری کۆماری ئیسلامی بنەمای ئیدەئۆلوژیکی ودامەزراندنی

کۆماری ئیسلامی نیزامیکی مەزهەبی عقیدەتی و ئیدەئۆلۆژیکی ئیسلامی شیعەی دوازدە ئیمامی کە باوەری بە وەلایەتی فەقیە و مهدەوییەتە و،خۆی بە موۆەزەف دەزانیت کە بواری زهوری ئیمامی مهدی خۆش بکات.

کۆماری ئیسلامی سیستەمی بیرۆکراتیک و ئۆلیگارشیک، لە ئاستی ئابووری، ئیدۆلۆژیک، سیاسی، سەربازی و کەلتووریدا خۆی بە رێکخستن کرد و بەرژەوەندیەکانی گەلانی پشتگوێ خست. ئەم کۆمارە بە تەواوی هیز و توۆانای خۆی سیستەمیکی سامناک و نیفرەتبار لە سەر ئەساسی جەهل و خورافات بە دژی مروڤایەتی ، ئازادی و دیموکراسی ، بە دژی کەرامەت و شەرافەتی ئینسان پیک هیناوە . رژیمیکی پر لە قین و نیفرەت و دژمنی گەنجان و لاوان لە سەر ئەساسی زیندان ،شەلاق لیدان ، سەنگسار کردنی کچان و ژنان و شەرعییەتی بی حقوقی ژنان یەک سوۆەمی پیاو بە حیساب هینانیان شەریعەتی ئیسلام و زیندانی و ئعدام و لە سیدارەدان شەریعەتی ئیسلام و قانونی کۆماری ئیسلامی و شەریعەتەکەیەتی لە ئیران دایمەزراندوۆە هتا شەرایت بۆ زهوری ئیمامی مهدی ئامادە بکات هویەکەیشی ئەوەیە کە زوربەی زۆری گەلی پارس بیروباوەری مەزهەبی شیعەی عەلەوی دوازدە ئیمامی لە میشک و خوۆین و رەگ و ئسقانیان مەعجون کراوە ، نیزامیکی مەزهەبی دەسەڵاتدارە لە سەر مەبنای بوغزو قین و نیفرەت لە هەموو بیرو باوەریکیتر و ئینسانەکان پیک هاتووە. بۆ ئەم مەبەستە بۆ شەرتی شیعە بوون دوو ئوسوڵی تولی (خۆشەویستی ئەهلی بەیت ) و تەبەری (دوری و نیفرەت و دژمنایەتی کردن لە گەڵ ئەوانەی کە باوەریان بە عەلی و ئەولادی عەلییان نییە) لە ئوسوڵی مەزهەبی شیعە گونجاندوە کۆماری ئیسلامی کوماری دەسەڵاتدارانە کۆماری پاراستنی چینی سەرەوەی کۆمەڵگا و پاریزەری ساحەبانی مڵک و سەرمایە و پاریزەری ئەو مافانەن کە چینی زۆردار بۆ خۆی دابین کردووە بە ناوی یاسای ئیلاهی بۆ چینی خاوەن دژی ئازادی و ماڤی مروف و لایەنگری کۆیلەتییە و لایەنگری جەل و خورافات دژی عیلم و زانستییە و بۆ توۆڵە سەندنەوە لە بکوژانی ئیمامەکانیان بە تایبەت لە عەرەب پیکهاتووە . کۆماری ئیسلامی بۆ جێ پێ موحکەم کردنی خۆی هەر لە سەرەتای راپەرین بە پێ برنامە و پروگرامیکی لەوە پیش گەڵاڵە کراو فیڵبازانە سواری ئحساسات و بیرو باوەری گەلی ئیران بە تایبەت پارس و ئازەری بوو . پیش لە هەموشتیک دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی بە وەڵامی بی ئەملا و ئەولای ی(ئەرێ یا نە)ی خستە رفراندوم. بە غەیری میلەتی کورد کە بایکۆتی کرد، وەڵامی "ئەرێ"ی زۆرینەی پارس و گەلانیتری ئیرانی وەرگرت و، مەشروعییەت و رەسمییەتی بە کومارەکەی دا. لە لایکەوە بە وعدە و نوید و دانی کلیلی بەهەشت و ئیفتیخار و شانازی بە شەهید بوون (کە دەچن بۆ دیداری عەلی و ئال و ئەولادی عەلی) و وعدەی پیک هاتنی کۆمەڵگایکی پیشکەوتوو و بەرابەر کە هەمو کەس وەک یەک دەتوانیت لە منابع و خاک و بەرهەمەکانی وڵاتی ئیسلامی عەلەوی لە سەر مەبنای عەدڵ و دادپەروەری عەلی و ئیمامانی شیعە بەرەمەند بن. لە لایکی ترەوە بە کوشت و کوشتارو قەتڵ وعامی دڵرقانە و گرتن و ئەشکەنجە و لە سێدارە دان و ئیعدامی بە کۆمەڵی گەنجان و لاوان بە بی پرسینەوە لە سەرانسەری ئیران ئاوی چاوی خەلکی گرت و نەفەسی برین. هاوکات ئورگانهایکی ئیدەئۆلوژیکی و نیزامی سەرکوتگەر وەک بەسیجی ـ ئەنساروڵلا ـ حیزبوڵلا ـپاسدار ـ سپای مهدی و پیگەی مهدی ـ پیگەی خاتم ئەلئنبیا و عەلی بنی ئەبوتالیب و ... پیکهینانی مەرکەز و مەحفلی ئیرشادی ئیسلامی و و ناراستەوخۆ لاوان و گەنجانیان کردە جاسوس لە سەر بنەماڵەکانیان کە موخالفی کۆمار نەدوێن، نوێژ و تاعەت دەکەن یان نە، و پیک هینانی دەیان سازمان و ئورگانی ترۆر وەی قەتلە زەنجیرەییەکان و ترۆری رابەرانی حیزبەکانی کوردوستان و تروری موخالفانی لە دەرەوەی وەڵات ، هیرش بردنە سەر فەرهنگ و ئەدەبیات و موسیقا؛ دەست تیوەردانیان بە ئیسلامی کردن و گۆڕانی هەمو رەواڵەتەکانی کۆمەڵگا بە دروشم و رەواڵەتی ئیسلامی و پیک هینانی ئەنجومەنهای ئیسلامی و مەجبور کردنی خەڵک بە ئەنجام دانی فەرزەکانی ئیسلام و شیعە. لە هەمو گرینگتر دروست کردنی تەشکیلات و ریکخراوە هەر لە

باخچەی منداڵانەوە تا قوتابخانە و دەورەی ناوەندی و زانکۆ و مزگەوتەکان بۆ شۆردنەوەی مەغزی منداڵ و تازەلاوان و تەنانەت بە ساڵا چووەکان، و بە تعلیم و تەرویجی شیعەی عەلەوی دوازدە ئیمامی بە هەمو توانایانەوە و پیک هینانی ساواما(ناوەندی ئەمنیەتی) و لە هەمو بنەماڵەکاندا لە ریگای بەسیج و حیزبوڵلاوە ساوامایکی پیک هینا و تەواوی حیزب و سازمان و ئورگانەکانی چەپ و دیموکراتیکی بە پشتیبانی تودەی ملیونی ئیرانی پارس بە هۆی تەوەهومی مەزهەبی و بە هۆی موبارزە و دژایەتی لە گەڵ ئامریکا و بە هۆی شەری ئیران و عیراقەوە مونفەعیل و دوردەنگی کردن. لە لایکی ترەوە هەمو سازمان و ریکخراوەکانی ئیران بە تایبەت رۆژهەڵاتیان مەرعوب کرد؛

هەرەشەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر وەڵاتانی دراوسێ و نیو دەوڵەتی بنا بە خەسلەتی دێرینەی خوسرەوانی لەسەر باوەڕی مەزهەبی و ئیدئولۆژیی بەرێوە دەچی وەک موبدانی ساسانی و بیرو باوەری مەزهەبی شیعەی عەشیرەی پارس ئیرانی . هەر ئەم بیروباوەرە بووە هۆی ئەوە بە دوای فرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان دەیان هەزار ئیرانی پارس بە رەزا و رەغبەتی خۆی هیرشیان هینایە سەر گەلی کورد کە بە شانازییەوە هەم جامی شەهادەت بنۆشن و هەم کلیلی بهشت لە خومەینی وەرگرن بۆ دیداری عەلی و ئالی عەلی . کۆماری ئیسلامی ئیمرو لە سەرانسەری ئیران تەبلیغ و تەرویجی مهدی مەوعود دەکات و بە تەدریس وئاموزش و فیرکردن و تەفهیمی گەنجان و لاوانی ئیران بۆ بردنەسەرەوەی بیرو باوەری دینی لە سەر ئەساسی ناجی مەوعود تیدەکۆشید رۆحانیونی شیعە و ئیسلام شناسان بە کونفرانس و لە فیرگاکان خوێندکاران بە باوەری مهدی دەعوەت دەکەن و ئاموزشیان دەدەن و بە فرمانسونری جیهانی و برنامەکانی بیزاری نیشان دەدەن و پشتیبانی لە کۆماری ئیسلامی تەقوییەت دەکەن کە پیش کسوەت و دەست پیکەری پیک هینانی حکومەتی جیهانی مهدی مەوعودی دەزانن .

دووای سەفەوییەکان لە دەورانی ئفشار و قاجارەکان دەوڵەتەکانی ئینگلیس و روسیش بۆ نفوزیان لە ئیران هاتنە مەیدان و لەم کاتەدا گوفتمانی شیعە ئخبارییون و ئوسولییون لە بابەتی فقهی شیعە بوو و بە سەرکەوتنی وەحیدی بهبەهانی ساختاری مەرجەعییەتی تەقلید پیک هات .ح و مەزهەبی جوراو جۆر پیک هات و بە شیوەی جوراوجۆر لە لایەن ئینگلیس و روسەوە بۆ پیک هینانی زیاتری ئیختلاف و ئاژاوە سازمان دەدران و بۆ سەرکەوتن بە دژی یەکتر بەم دەوڵەتانە پەنایان دەهینا ئەم هەڵاو بگرە تا هاتنی عەلی شەریعەتی بەردەوام بوو . ئەو شۆرشی لە شیعەی راوەستاو و موتەحەجر پیک هیبا ئەو تەوحیدی بە وحدەتی ئیسلام و ئیمامی بە رابەری کاریزماتیک وموئمن بە خەباتکاری واقعی و کافری بە مونفەعل و ئینتزار بە ئینقلاب و تەفسیر بە دەر هینانی رادیکال بونی دین و جەماوەری موستەزعەفینی بە جەماوەری رەنجدەر و زوڵم لی کراو بە ناوی جەهەنەمیانی سەرزەوی و ئیسلامی بە دینی کۆمەڵایەتی کەڵسورقو و ئاکتیف تەوسیف دەکرد و دروژمی هەموو رۆژیک عاشورا هەر جیگایک کەربەلا و هەموو مانگیک محەرەمی بەرزکردەوە و ئیسلامی محافزەکاری محکوم دەکرد . موجاهدینی خەلق پەیرەوی فەلسەفەی شەریعەتی بوو بەڵام چ پیش راپەرینی ٥٧ و چ دوای راپەرین ئەمە بە موجاهدینەوە نەبینراوە کۆماری ئیسلامی پەیرەوی شیعەی سەفەوی دژی فەرهەنگ و زانستی و رەجعی و پەیرەوی خورافات و هیچ بیرو باوەریکیتری بوو تەحەمووڵ ناکریت هەر وەک سەفەوییەکان لایەنگری چینی دەسەڵاتدار خواهانی زیندو کردنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی هەخامەنشی و بە تایبەت خودایی شاهی ساسانیانن.تەشەیوع و ئێرانیگەری دوو تەنافی تەواو لە یەک تیک هەڵ کیشراون . بە راپەرینی ٥٧ تەشەیوع بە شیوەیکی بەرچاو زۆر سیاسی بە ئیدەئۆلۆژی توندرەوانەی لێ دەرهات ولایەتی فەقیە بۆ داپۆشانی قودرەت و حکومەتە . ئەوان مەسڵەحەتی حکومەت لە فەرمانی خودا و ئحکامی دین گرینگتر دەزانن. تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام کە باڵاتر لە شورای نیگەبانە بە رەفتاریک کە رۆژانە لە ئیران رودەدات کونترۆڵی هەیە کە وایە ئەم رژیمە نە ئیسلام بەڵکو مەنفەعەتی خۆی بۆ باسە و بەس .چینی زۆردار بە پشتیوانی روحانییون تەواوی نیزامی ئابوری، قەزایی ، سیاسی وەڵاتیان لە دەست خۆ گرتووە و بە پشت ئەستوری هیزە چەکدارەکانی هەر حەرەکەتیک سەرکوت دەکات و تاڵان کردنی خەزینەی دەوڵەت و رشوە و فەسادی ماڵی و ئەخلاقی و لا خستنی بەشی خۆیان لە سەودای گەورە بە بی ئەوەی کەسیک ببیت لییان بپرسیتەوە و بە سازان بۆ بیدەنگ کردنی یەکترین سەرقاڵن . ئیسلام چ سوننی و چ شیعە کە لە قودرەت ئالا بیت لەمپەری پیشکەوتن و چاکسازییە، زوڵم و زۆروو فەساد و بی فکری و ئینحرافی دینی و ئخلاقی لە زەعف و لینەهاتویی حاکمانی ئیرانە دوواکەوتویی و دەسەڵاتی ئانتی دیموکراتیکی ئیران نابی بخرتیە پاڵ ئیسلام .ئیسلامی سیاسی بە بهرەوەرگرتن لە ئحساسات و بیرو باوەری خەلک خورافات پەرە پیدەدات .

دوکترینی کۆماری ئیسلامی بونی مهدەوییەت بەم شیوە ئیستدلال دەکەن کە بەشارەت و ووعدەی هاتنی ناجی لە ئاخری زەمان مەسئلەیکی هاوبەشی ئاینەکانە و وا ئیستدلال دەکەن کە مەنزوریان لە ناجی ئیمام موحەمەدی مهدییە و دەڵین کاری نیوە تەواوی ئەم دنیایە و کاری تەواو نەبوی هەمو ئنبیاکان مهدی تەواوی دەکات و دەڵین : گەورەترین ئرکی میژوو کا ری گەورەترین پیاوی میژووە . مهدەوییەت خاتمە و تەکاملی میژوی بەشەرییەتە و دەڵین مهدەوییەت بە مانای ئومید و ئینتیزارە گەیشتن بە عەداڵەتی جیهانییە و گەیشتن بە خاتمەییەتە ، فرانسیس بیکن و دکار ت کە رەوشی عەمەلی و رەوانگای عیلمییان بنا ناوە دەڵین کە زانین قودرەتی و توۆانای دیتن و بیر کردنەوە و داگیر کردنی بە ئینسان داوەو پییان وایە کە عیلم و بیر کردنەوە ئینسان توۆانا دەکات کە داهاتوی ژیانی خۆی و ئەم جیهانە دروست بکات تا کۆمەڵگایک پیک بینن کە نەخۆشی فەقیری و شەرو و گرفتاری تیدانەبیت و بەکەمال بگات . بڵام ئەمە باسی فەلسەفەی میژووە کە لە گەڵ شیوەی بیر کردنەوەی فیلسوفان فەرق دەکات فیلسوفیک کە بە ئیدەئالیسم باوەری بیت سەبارەت بە داهاتوی بشەرییەت و ژیان بیریکی تایبەت بە خۆی هەیە فیلسوفیکی رئالیسم و ماتریالیسم بە جۆریکیتر ژیان و داهاتوی بەشەرییەت دەبینن . ولە بیرودەی هگڵ ئیستنتاج دەکەن ئینسان کە مرد میژویش تەواودەبیت ئینسان لە پیشکەوتن بە هیچ ناگات ، دەگاتە موتڵەق .

ئەم فەلسەفەیە ناتوانیت سەبارەت بە داهاتوی بەشەرییەت نەزەر بدات چونکە بە نەزەری ئەوان ئەم بەشەرە لاواز و بی ئختیار و بی دەسەڵاتە بی حوکم و بی ئیرادە و رئییە . ژیانی لە ئختیاری خۆیا نییە نازانێت لە داهاتودا چ دۆخیکی بۆ دەگرنەوە . هیچ ئاڵوگۆریک ناتوانیت پیک بینیت دەبیت تەواوی رەنج و موسیبەتەکان ناحەقی و بی عەداڵەتییەکان تەحەمول بکات و سەبور بیت و دڵی خۆش کات و هیوا ببەستیت بە دەسەڵاتداران و ئیمامانی نەبینراو و نەناسراو کە ساحەبی هیزی خارق العادە و غەیری تەبیعی و غەیری تەسەورن کە رۆژیک سەر هەڵ ئەدا وبە هاریکاری یارانی خۆی کە هەر ئەم دەسەڵاتدارانەن کە پیک هینەری تەواوی موسیبەتەکان و نابەرابەری و جنایەتەکانی کۆمەڵگای بەشەرییەتن دادپەرەری لە کۆمەڵگای ئینسانی دادەمەزرینی . ئینسان ئازادە حوررە سەر بەخۆیە تووانایە ساحەب ئیرادەیە ساحەب کەرامەتە ئینسان سازەندەیە خەلاقە موتەفەکر و شگرد گەر و نەوئاوەرە ئینسان ساحەبی هیزیکی لە بن نەهاتووە کونجکاوە بۆ رونکردنەوەی تاریکی و ئیڵییەکان و پرسیارەکانی نەترسانە لە

هەمو بۆواریک سەر هەڵدەقوتینی میژوی ئینسان فەلسەفە نیە بەڵکوو واقعییاتی ژیانیەتی باسی دەرد و رەنج و مەشەقەتی چەند هەزار ساڵەی لە گەڵ تەبیعەت بۆ ڕاهینان و رام کردنی تەبیعەتە میژوی ئینسان باسی خەباتی قارەمانانە و خوێناوی رەنجدەران و بەش مەینەتان بە دژی زاڵمان ودەسەڵاتدارانی بی کرامەت و ماڵدارانی تەلەوەسە ،باسی تیکۆشان و فیداکاری بو بەرهەم هینانی کۆمەڵگایکی دادپەروەر و پیش کەوتنخوازە ،میژوی ئینسان باسی لە قاود ان و ڕیسوا کرنی ئەوانەن کە لە لیباسی جۆراوجۆری مەزهەبی بە ناوی ئیمام و شێخ و مەل و خەسرەوان ا بە فروفیڵ و درۆ حوقەبازی و کەڵەک و جەنایەت و بە پیچەوانە کردنی واقعییاتەکان خۆیان بە کۆمەڵگا قالب دەکەن . ئەم ڕوبارە، میژووی ئینسانە و سەرچاوەکەیشی لە ئینسانەوەیە و هەر جم و جوڵ و تەغیریک و ئاڵ وگۆریک لەم روبارەدا لە لایەن ئینسانەوەیە ، ئەم خیاڵاویانە میژوی ئینسانەکانی ئەم سەر زەوییە وەک یەک دەزانن ، لە حالیکدا ئەم میژووە کە بەسەرهاتی خەباتی ئینسانە لە هەمان کاتدا میژووی هەر وڵات و میللەتیک جیاوازە ئەوەیش بینا بە شەرایتی کۆمەڵایەتی و تەبیعەت زمان و فەرهەنگی ئەو وەڵات و میللەتەیە . ئینسان ناجی خۆیەتی کۆمەڵگای ئینسانی ئینتیزار و چاوەروانی هیچ ناجییێک نییە بەم دروو و دەلەسە و خیاڵات و چیروک و حکایەتانە دوور لە واقعییات و ئەم فروفیڵانە ئینسانەکان لە گریژنە دەر ناچن هەر شایستەی زاڵمان و زوور دارانی بی فەرهنگ و دوۆاکەوتوو ودوکتورینی گەوج و کاسە لیسیانە .

دەبینین کە ئائین و دەسەڵات ، مەزهەب و خەسرەوان دوو موئەلیفە و موکەملی یەکترن . و دەسەڵات و سەروەری لە چنگی یەک ڕادەکیشن و ئبزاری ئەم دژایەتییەیان لە گەڵ یەک جەماوەری ملوینی خەڵکە کە بە فیڵ و کەڵەک و درووو سواری ئارمان و ویستەکانی گەل دەبن . و کاتیکیش ئەمەیان پێ ناکریت لە بەرامبەر ئیرادەی گەل بۆ ئازادی و دیموکراسی و مروڤایەتی هەر دوو پال بە پشتی یەکترن کورش کە دایکی لە ماد بوو بە خیانەت و کەڵەک کودەتای بنەماڵەی کرد و دەسەڵاتی لە دەست گرت و بە ناوی عەشیرەی مەجازی پارسیو( پارس)سلسلەی هەخامەنشی پیک هینا دەسەڵاتیکی جەنایەتکارانە بە دژی ئازادی و دیموکراسی کەوتە کوشتار و لە سیدارەدان و ئەشکەنجەی رەنجدەران و تالان و ڕاو روت کردنیان کورش بۆ دامرکاندنی تونیەتی پاوانخوازییەکەی بە زۆری سەرنیزە و تەڵا و جەواهیر بریک لە موغانی زەردەشتی بە ناوی موبدان لە خزمەت جۆ گرت کە جەماوەر تی بگەیێنن کە کوروش شا (هەمو شاکانی هەخامەنش) نووینەری خودای خودایەگان ئەهورامەزدان ئا لەم رۆژەوە خۆ بە زل زانین و فشە درو و کەڵەک و خیانەت و پاوانخوازی و بی کەرامەتی و جیاوازییان لە هەمو مرۆڤەکان بووە هەوێنی ئەم عەشیرەیە و بە فاکتەوە رونمان کردەوە کە ئەم گەلە هەم لە باری ملی و هەم لە باری ئائینی بی هوویيەتن .

بۆ ماوەی پتر لە ٧٠٠ ساڵ لە میژوو ون بوون تا لە دێی ساسان نەوەی موبدیکی مورتەجیع سەری هەڵدا و لە گەڵ نەوەکانی خەسرەوان دەسەڵاتیکی خودایی و شاهییان دامەزراند و هەمو بنەما فکری دیموکراتییەکان و ئائینە مرۆڤایەتییەکانیان وەک موغانی زەردەشتی و مەزدەکیانیان قەتل و عام کرد دووایی بەم خەسرەوانە لەقەبی عادلیان پیشکەش کردن کاتیک ئیسلام هات بە بی بەرگریکی ئەوتوو گەل خۆیان تەسلیم کرد ، چونە پاڵ ئوپوزیسیونی عەرەب ئیمامی عەلی خەتی فکری مروڤایەتی عەلەوییەکان بابی تەبعی ئەم عەشیرە پاوانخوازە نەبوو و دەیان شاخەی لێ بووەوە ئەودەم سلسلەی سەفەوی هاتە مەیدان کە دەسەڵاتی ئائین لە دەست خەسرەواندا بوو کە خەسرەوان ریبەری ئائینیش بوون وتمان دامەزرانی بیروڕای سۆفییەتی کورد بووە و سەفەوی شیعە لە ناوچەی سوننی مەزهەب سەری هەڵداوە و وتمان کە شا ئیسماعیل بە مەبەستی دژایەتی لە گەڵ عوسمانییەکان و لە واقیعدا بۆ دامەزراندنی ناوەندی خەسرەوان مەزهەبی شیعەی کردە ئائینی رەسمی ئێران ودیمان بۆ داسەپاندنی مەزهەبی شیعەی ئسناعەشەری هەزاران کەس لە خەڵکی ئەم دەوەرەی لە ئەردەبیلەوە تا تەبرێز قەتل و عام کرد لە تەواوی دەورانی پاشایەتی سەفەوییەکان بە دژی میلەتی کورد و هەمو میلەتانی ئەم دەوەرەبوون . دوایی قاجارییەکان هاتنە دەسەڵات .قاجارییەکان سەنەدی حاشا هەڵنەگری بی هوویيەتی و ئائینی عەشیرەی پارسە ، قاجارییەکان بە ئسالەتی خۆیدا لە هیرشی مەغولەوە گەیشتونەتە ئیران و لە نەوەی قاجار نویان یەکیک لە سەر دارانی چەنگیزخانن . دیارە کە هیچ پیوەندێکیان بە پارسەوە نییە . لە ساڵی ١١٧٢ بەدوواوە قاجارەکانن کە دەبنە بونیانگوزاری دەسەڵات و ئائینی ئێران کە وایە قاجارەکان ئاریایی نین لە عەشیرەی پارس نین بۆ چەندمین جار هوویيەتی عەشیرەی پارس دەچیتە ژیر گۆماوە سەرەرای ئەوە قاجارەکان لە سەدەی ١٠ وە دەبن بە شیعەی ئسنا عەشەری ئاشکرایە کە عەشیرەی پارس هوویيەتی ئائینیشی بییە و لە هەمو گرینگتر بۆ دەسەڵاتی تورکەکان خاڵی باوەر و ئیدەئۆلوژی زۆر گرینگ نەبووە . قاجارەکان نە ئاریایی و نە عەشیرەی پارسن سوڵتان مەحمود کتیبەکەی فردەوسی وەرنەگرت و نەسەبی سوڵتانی زۆر پی باشتر بوو تا شا قاجارەکان لە ژیر ناوی شیعە دەسەڵاتی ناوەندی خەسرەوانیان بە شیوە و فەرهەنگ و کولتوری خۆیان دامەزراندبوو . کاتی دەسەڵاتی پەهلەوییەکان رەزاشا بە نیازی زیندوکردنەوەی ئیمپراتوریەکانی ڕابردوو یەک دەوڵەت یەک میلەت و یەک زبان و تەنانەت یەک لیباس وپاک کردنەوەی زمانی فارسی لە واژەی بیگانەو زیندوو کردنەوەی ئائینی زەردەشت و زیندوکردنەوەی سیستمی حکومەتی بە شیوەی ساسانییەکان بوو و کورەکەی حەمە رەزاشا لە هەمان فکرو ئارماخوازییەدا بوو ئەو دەیویست میژوی بە قەولی خۆیان ٢٥٠٠ ساڵە کوروش زیندوو کاتەوە و هەمان سیستم بەریوە بەریت کە هەنگاوی زۆریشی بۆ هەڵینا وەک بی دەسەڵات کردنی ئایەتوڵلاکان(موبدان) و کردنی قورعان بە ناوی خۆی (قورعانی ئاریامهری) و پیکهینانی گاردی جاویدان (گاردی شاهەنشاهی ٨٠٠٠ کەس)و دامەزراندنی ساواک و بە تایبەت بازرەسانی شاهەنشاهی ( چشم و گوش شا) و بە پیک هینانی جیژنی ٢٥٠٠ ساڵە لە پاسارگاد زۆر بی شەرمانە لە بەرامبەر هەمو میلەتانی ئێران و نوێنەرانی گەلانی سەرتاسەری جیهان بانگەوازی لە کورشی جەنایەتکار کرد :کورش ای شاه سەرزمین ایران، شاه شاهان ای خودای خودایەگان ئارام بخواب کە ما بیداریم ! و ئیمرۆ کۆماری ئیسلامی بە شیوەیکی زۆر گرژتر و وەحشیانەتر لە موبدانی ساسانی و بە شیوەی عقیدەتی و ئیدەئۆلوژیکی دەسەڵاتی خودایی شاهی ساسانییەکانیان زیندوکردووەتەوە . ئەو دەم ساسانیەکان کوردانی مەزدەکی و موغانی زەردەشتیان قەتل و عام کرد و لەقەبی خەسرەوی عادڵیان بە قاتڵی ئەم جەنایەتە بی وینەی میژوو دا ئیمرۆ کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە سەر ریگای ساسانیەکان خەلەفی خۆیان زۆر دەرەندانەتر فەرمانی جیهاد بۆ کوشتاری گەلی کورد دەردەکەن و تەنافی دارەکانیان لە هەموو دی و شارو خیابان و مەیدانیک بۆ کوشتارو و خنکاندنی گەنجان و لاوانی گەلی کورد دامەزراندووە و تەنانەت نوینەرانیان ، روناکبیرانیان مودەعیانی ئازادی و دیموکرسی و مافی مروف لەو پەری دووروویی و بی کەرامەتی و نامەردی و پەستیدا تۆمار و بەیاننامە بە دژی مافی حاشا هەڵنەگری ئینسانی و مروڤایەتی گەلی کورد دەر دەکەن . ئەم میژووە کە باسمان کرد مسوەگەری خەسلەتی نادیموکراتیانە و دژی

سەرچاوە
Serchawe

مروفایەتی دەسەڵاتداران و روناکبیرانی ئەم گەلەیە کە عەشیرەیکی بی هوویەتی ملی و بی هوویەتی ئائینین .

ناسیونالیسمی ئێرانی و ئیسلام و مەزهەبی شیعە و حکومەت لە یەک تیک هەڵکیشراون ولازم و مەلزومی یەکترن ! ناسیونالیسمی ئیرانی و فاشیسمی وەلایەتی فەقیە لە قاڵبی کۆماری ئیسلامیدان .

سەرچاوەکان:

تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ا. آ. گرانتوسکی - م. آ.
داندامایو، مترجم: کیخسرو کشاورزی، ناشر: مروارید
تاریخ اجتماعی ایران مرتصی راوندی . — وەڵاتی ئازاد ( پژاک)
تاریخ ایران از باستان تا امروز آ . گرانتوسکی ترجمه کیخسرو کشاورز
تاریخ ایران از عهد باستان تا قرن ١٨ ، پیگولووسکایا، ترجمه کریم کشاورز، تهران، ١٣٥٣
تاریخ ماد. ایگور میخائیلوویچ دیاکونوف. ترجمه کریم کشاورز، تهران: نشر امیرکبیر.
تاریخ ایران باستان. دیاکونوف، میخائیل میخائیلوویچ. روحی ارباب. انتشارات علمی و فرهنگی،

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست

==========================================================================================

# مرۆڤ چۆن دەبێتە ئەو شتەی کە هەیە

و: وریا رەحمانی

بۆ ئەوەی لە مرۆڤ و گەورەترین داخوازییەک کە تا ئێستا لێی کراوە بدوێم، ناچارم بەر لە هەموو شتێک لە باسی خۆمەوە دەست پێبکەم. هەرچەند کە دەبێ تا ئێستاش روون بووبێتەوە. چون هەرچەشنە زانیاری و رۆشنگەرییەک لەبارەی خۆمەوە پێویست بووبێ درکاندوومە. کەچی گەورەبوونی ئەرکی من و بچووکی هاوچەرخەکانم، ناهەماهەنگی و نەگونجاوەتییەکی وای بەدی هێناوە کە زۆر جاران نە گوێیان لە دەنگم بووە و نە بە باشیش دیتوویانم. لە فەزایەکی ئاوادا رەنگە زۆر ئاسایی نەبێ ئەگەر هەندێک داخوازی و چاوەڕوانیی تایبەتم هەبێ.



بۆ وێنە ئەگەر بڵێم کە من وەها مرۆڤێکم، یان لەوەش گرینگتر بمهەوێ جیاوازم دانێن لەو شتەی کە نیم! لە راستیدا لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە بەهۆی گەورەبوونیانەوە ستایش کراون، لە سرووشتێکی جیاوازم. لەوانەیە هەر ئەوەش بەشێک لە غرووری من بێ. من موریدی «دیۆنیسوس»ی فیلسوفم؛ تەنانەت پێم خۆشە بوونەوەرێکی نیوە مرۆڤ و نیوە ئاژەڵ بم، نەک بە پیرۆزم بزانن. هەست دەکەم ئەگەر نووسینەکانم بە باشی بخوێندرێتەوە، بەشکم بتوانم بە مێتۆدێکی شادی هێنەر و لێبردووانە بەم هەڵوێستەم گیان ببەخشم. دوایین شتێک کە من بەڵێنەکەی دەدەم بە باشترکردنی جۆری مرۆڤە. هیچ بوتێکی تازە رێ ناخەم.
با بوتەکانی رابردوو بزانن لە گڵ درووستبوون یانی چی. مەبەستی من بەگشتی رووخاندنی بوتەکانە. هەر بەو جۆرەی دنیای باوەڕمەند چەواشە کراوە، حەقیقەتیش لە بایەخ و ناوەرۆک و راستەرێیەکەی دوور کراوەتەوە. جیهانی واقیع و رواڵەتی، یان سادەتر بڵێین؛ جیهانی سازکراو و بەرچاو لە پێناوی درۆیەک بە ناوی باوەڕدا، گەورەترین کارەساتی مێژوو بووە کە مرۆڤی تا ئەپەڕی خۆی درۆزن و ساختەچی و ناجۆر بارهێناوە. هەتا ئاستی کرنۆش بردن بۆ ئەو دژەبایەخانەی کە لەمپەڕی جیددیی سەرڕێی مرۆڤن بۆ وەدیهێنانی کرانەوەی شکۆمەندانەی ئایندە و گەیشتن بە مافی سەرکەوتووانەی ژیان. هەرکەسێک بزانێ هەوای نووسینەکانی من چۆن هەڵدەمژێ، تێدەگا (ئەم هەوایە) هەوای بەرزاییەکانە، هەوای تەندروستییە. دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکرێت، دەنا ئەگەری نەخۆش بوونی هەیە. فەلسەفە تا ئەو جێیەی من تێیگەیشتبێم و لەگەڵیدا ژیابم، ژیانێکی دڵخوازانەیە، تەنانەت ئەگەر لەنێو سەهۆڵبەندان و لە کێوە بەرزەکانیش دا. فەلسەفە هەڵاتنە بەشوێن هەرشتێکی نائاشنا و پرسیارهێنەر و کەڵکەڵەخوڵقێنی سەرنج راکێش. فەلسەفە بەدواداچوون بە شوێن هەموو ئەو شتانەیە کە پێشتر بەهەر هۆیەکەوە بووبێ لە لایەن ئەخلاقەوە لەمپەریان لەبەردەم دانراوە. لەو هەموو ئەزموونە دوور و درێژانەی کە خوڵقاوی لاڕێیی و سەرلێشێواویی نێو هەرێمی قەدەغەکراوەکانن فێر بووم کە سەرچاوەی ئەخلاقی کردن و باوەڕمەندی جیاوازی دانێم، لەو شتانەی کە رەنگە دڵخۆشانە بن.

مێژووی شاراوەی راستی و حەقیقەتم لە ناسینی فیلسوف و دەروونناسیی ناوە گەورەکانیان بۆ دەرکەوت. رۆحێک بەرگەی چەندە راستی دەگرێ و رۆحێک بوێریی چەندە راستیی تێدایە؟ هەر ئەوەش بوو بەهۆی هەڵسەنگاندنی درووست و گونجاوی بایەخەکان. هەڵە (باوەڕ بە باوەڕمەندی و ئیمان) کوێری نییە، بەڵکوو ترسەنۆکیە. هەر هەنگاوێکی پێشڕەوانە و بایەخدار لە رووی ناسینەوە، حەوجێی بە بوێریی توندایەتی و خاوێنیی پێوەندیی لەگەڵ خود دا هەیە. بە واتایەکی دیکە یانی مرۆڤ بۆ بەرەو پێشچوون و تێگەیشتن و رزگاری لە دنیادا پێویستە بە نیسبەت خۆیەوە سەختگیر و لە هەمان کاتیشدا شەفاف بێ. چون پێش شەرتی هەرچەشنە تێگەیشتن و ناسینێک بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی مرۆڤ لە رێبازی ژیان دا،لە ناسینی خود و پەیبردن بە زەرفییەتەکانی دەروونیی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ. من باوەڕەکان رەت ناکەمەوە، بەڵام لە بەرامبەریان دا دەستکێش لە دەست دەکەم. فەلسەفەی من بەو نیشانەوە رۆژێک سەردەکەوێ، چون ئەو شتەی کە تا ئێستا قەدەغەکراوە، هەرگیز جیا لە راستی نەبووە. لە نێو نووسراوەکانم دا «زەردەشت» پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە. من لەو کتێبەدا گەورەترین دیارییەکم کە تا ئێستا ئاراستەی مرۆڤ کراوە، پێ بەخشیوە. هەر مرۆڤێکی واقیع بینیش لە پانتاییەکی بێ کۆتایی دا دەگرێتەوە. لێرەدا هیچ پێغەمبەرێک- هیچکام لەو چینە دووڕەگە ناخۆشەویستانەی دامەزرێنەرانی ئایین- قسە ناکەن. لێرەدا هیچ مەوعیزەیەک لەکاردا نیە. داوای ئیمان لە کەس ناکرێ. ئارامیی لەسەرخۆیانەی هەنگاو قورسایی ئەم گوتارەیە. ئەوەش تەنیا بو دانستە و هەڵبژاردەکانە. لێرەدا گوێگربوون تایبەتمەندییەکی بێ وێنەیە تا بەباشی و بە درووستی لێدوانەکانی زەردەشت ببیسترێ و لێی تێبگەن. زەردەشت رێک بە پێچەوانەی هەرجۆرە زانا، پیرۆزمەند یان رزگاری بەخشێکیتر کە جیهان بە چەواشە دادەبەن، قسان دەکا. لە راستیدا زەردەشت تەنیا هەر جیاواز نادوێ، بەڵکوو بۆخۆشی جیاوازە. ئێستاش ئەی رێبوارانی رێگای من، من تەنیا وەرێ دەکەوم. ئێوەش بڕۆن و تەنیا بن. خۆتان لە من دوور کەنەوە و هێندەش گیرۆدەی زەردەشت مەبن. مرۆڤی تێگەیشتوو نەتەنیا دەبێ بتوانێ نەیارەکانی خۆش بوێ، بەڵکوو پێویستە قینی لە هاوڕێیەکانیشی بێ. ئەوەی هەمیشە شاگرد دەمێنێتەوە، زەحمەت و ماندوویەتیی مامۆستاکەی بەباشی جواب نەداوەتەوە. ئەی چۆن دەستتان بە لوتکەی شانازییەکانم دا دێنن؟! ئاگادار بن ئەو پەیکەرەیەی وا لە حاڵی رووخان دایە، نەتانکوژێ! دەڵێن باوەڕتان بە زەردەشت هەیە! کەچی زەردەشت چ بایەخێکی هەیە؟! ئێوە باوەڕمەندانی منن، بەڵام باوەڕمەندان چ بایەخێکیان هەیە؟! هێشتا لە هەوڵی ناسینی خۆتاندا نەبوون کە منتان دۆزیەوە! تەواوی باوەڕمەندەکان وان. هەر بۆیەشە باوەڕەکان بەگشتی بایەخێکی ئەوتۆیان نیە. ئێستاش داواتان لێدەکەم لە من دووركەونەوە و خۆتان بدۆزنەوە. تەنیا کاتێک کە رەتم کەنەوە، دێمەوە لاتان. لە وەها رۆژێکی شکۆمەندانەدا کە نەتەنیا ترێ بەڵکوو هەموو شتێک لەوپەڕی خۆیدا گەییوە و پێگەیشتووە، تیشکێک لە تەشقی خۆرەتاوەوە کەوتۆتە نێو ژیانمەوە. سەیری دەور و پشتم دەکەم، هەرگیز ئەو هەموو شتە باشانەم بە یەکەوە لە جێیەک دا نەدیتبوو. هەربۆیەش لەخۆوە نەبوو کە ئەمڕۆ تەرمی چل و چوارەمین ساڵی تەمەنم ناشت و جارێکی تر دووبارە لە دایک بوومەوە.

تێبینی: وەرگێڕانێکی ئازاد لە وتاری «مرۆڤ چۆن دەبێتە ئەوەی کە هەیە»،

لە کتێبی «انسان مصلوب» نووسینی فرێدریش نیچە.

سەرچاوە : ویبلاگی وریا رەحمانی






## Xermanan ٢٧١٣ خەرمانان

| هەینی | پێنج شەممە | چوار شەممە | سێ شەممە | دوو شەممە | یەک شەممە | شەممە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ 23 | | | | | | |
| ٨ 30 | ٧ 29 | ٦ 28 | ٥ 27 | ٤ 26 | ٣ 25 | ٢ 24 |
| ١٥ 6 | ١٤ 5 | ١٣ 4 | ١٢ 3 | ١١ 2 | ١٠ SPE 1 | ٩ 31 |
| ٢٢ 13 | ٢١ 12 | ٢٠ 11 | ١٩ 10 | ١٨ 9 | ١٧ 8 | ١٦ 7 |
| ٢٩ 20 | ٢٨ 19 | ٢٧ 18 | ٢٦ 17 | ٢٥ 16 | ٢٤ 15 | ٢٣ 14 |
| ڕەحمان نەقشی | | | | | ٣١ 22 | ٣٠ 21 |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : ڕەحمان نەقشی
r_neqsi@yahoo.ca

سەرچاوە Serchawe